گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/kkn7qv06

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 18/07/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 28/09/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 20/06/2026

# دێموکراسی لە ڕوانگەی هاووڵاتیانەوە
## توێژینەوەیەکی سۆراخکارییە لە هەرێمی کوردستان

**جلال احمد عبدالله**
jalal.abdullah@su.edu.krd
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**
ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، بەدواداچونێکی سۆراخکارییانە بوە بۆ چەمکسازی و وێنای هاووڵاتیان بۆ دێموکراسی. لەو پێناوەشدا، توێژینەوەکە بە شێواز و نەخشەسازییەکی چۆنایەتی، چاوپێکەوتنی تێروتەسەل و نیمچەکراوەی کردوە، لەگەڵ 24 هاووڵاتیی هەرێمی کوردستان، کە نیشتەجێی پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی و هەڵەبجە و بەشێک لە ئیدارە سەربەخۆکانن. ئەنجامەکان لەچوارچێوەی چەند تەوەرێکدا پوختەکران وەک: دیمۆکراسی، مافە، ئازادییە، یەکسانی و دادی کۆمەڵایەتییە؛ دێموکراسی باشترین سیستمی سیاسی و فۆڕمی حکومڕانییە؛ دێموکراسی تەنها شێوازە ژیانێکی ڕۆژئاوایی نییە؛ دێموکراسی یۆتۆپیایە و؛ دێموکراسی و ئاین، نابنە ئەڵتەرناتیڤی یەکتری. هەر بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، ئەوانەی تێڕوانینێکی ئەرێنییان بۆ دیموکراسی هەیە، زیاتر لە ڕەهەندە سیاسییەکەیەوە خوازیاری دێموکراسین و، چاوەڕوانیان لێی هەیە؛ بەتایبەت لەڕوی دابینکردنی مافی بەشداریکردن و ئازادی بیروڕا و دادی کۆمەڵایەتی لەڕوی بەشینەوەی سامان و ڕۆڵ و پێگەکان و، یەکسانی لەبەردەم یاسا و ڕەخساندنی دەرفەت. کەچی لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکەیدا، بەهۆی ئەو سەرنجانەی سەبارەت بە هەندێ ئەنجام و دەرهاویشتەی دێموکراسی هەن، بەتایبەت لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، تامەزرۆیی بۆ دێموکراسی، کەمتر لای هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بەدی دەکرێت.

**کلیلە وشەکان:** دێموکراسی، ئازادی، ماف، یەکسانی، هاووڵاتی، دەسەڵات.

# Democracy from Citizens’ Perspective: An Exploratory Study in the Kurdistan Region

**Jalal Ahmed Abdullah**

**Departmend of sociology, college of Arts, University of Salahaddin-Erbil, Erbil, IKR.**

## Abstract

The main aim of the study was to accomplish an exploratory execution of the citizens’ conceptualization of democracy. To achieve this goal, the researchers relied on qualitative design to conduct in-depth semi-open interviews with 24 citizens from the IKR, residing in the governorates of Erbil, Duhok, Sulaymaniyah, Halabja, and several autonomous administrations. Then, the results were summarized within several themes, such as: democracy as rights, freedom, equality and social justice; Democracy is the best political system and form of governance; Democracy is not just a Western way of life; democracy is a utopia; Democracy and religion will not be an alternative to each other. At the same time, the results of the study showed that those who have a positive view toward democracy, often stem from exigencies and expectations placed on democracy, particularly in its political dimension, especially in terms of providing the right to participate, freedom of expression, social justice in terms of distribution of wealth, roles and positions, equality before the law and providing opportunities. However, in its social and cultural facets, and as a result of comments about some of the outcomes and consequences of democracy in western countries in particular, the desire for democracy among Kurdistan citizens is lower.

**Key words:** Democracy, Freedom, Rights, Equality, Citizens, Authority

**دەروازە:**

دێموكراسی ئەگەر لە ڕواڵەتدا شـێوازێكی حكومڕانی بێت، ئەوا لە جەوهەر و كۆگشـتییەكەیدا، شـێوازێكیشـە بۆ ژیان. گۆڕانی ڕژێمی سـیاسی لە وڵات و كۆ مەڵگا نادێموكراسـییەكاندا، هەرچەندە دەشێ دەسـپێكێكی باش بێت بۆ كرانەوە و بەدێموكراسـیبون، بەڵام بۆ بڕیاردان لەسـەر ئەوەی، ئاخۆ كەشـێكی دێموكراسی ڕەخسـاوە یان نا، ڕەنگە پێویسـتی بە هەڵوەستەكردن لەسەر تێگەیشتنی هاووڵاتیان لە دێموكراسی بێت؛ بەتایبەت لە زۆربەی ئەو وڵات و كۆمەڵگایانەی لە قۆناغی وەرچەرخاندا، بەرەو دۆخێكی ناسـەقامگیر دەڕۆن و، لەگەڵ سـەرهەڵدانی چەندین قەیرانیشـدا، خەڵكی بەسـەر بەرەی جیاجیادا دابەشدەبن. سەرباری نەمانی ڕژێمی بەعس، بەڵام دۆخی هەرێمی كوردستان بە ئەندازەی پێویست، بە ئاقاری بەدێموكراسـبون هەنگاویـان نەنـا. هەرچەنـدە لە گوزارشـتی بەشـێک لە هـاووڵاتیـان لە میـدیا و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكاندا، سەرباری داننان بە بونی كەموكوڕی، جۆرێک ڕەزامەندی و گەشبینی تێبینی دەكرێت، بەڵام ژمارەی ئەوانەش كەم نین، كە دوێنیان لەمڕۆ پێ باشترە و، توشی جۆرێک نائومێدی بون؛ لە سۆشیال میدیا و كۆڕ و كۆبونەوە

و گفتوگۆكانیشـــدا، خۆزگە بەڕابردو دەخوازن. ئەم هەڵوێســـتانە هەر جۆرێك بن، گوزارشـــتن لە نارەزایی و خواســـتی هاووڵاتیان بۆ بیناكردنی فۆرمێك لە حكومڕانی و شێوازێكی باشتر بۆ ژیان.

كێشـــەی ســـەرەكی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا بەرجەســـتە دەبێت، كە هەرێمی كوردســـتان بەوپێیەی لە ڕابردو و ئێســـتادا، وەرچەرخانی جۆراوجۆری بەخۆوە بینیوە؛ بەشـــێكیان ڕەوش و بارودۆخێكی نوێیان ســـازاندوە و، كەم تا زۆریش، بونەتە هۆی ســـازدان و گۆڕان لە هەڵوێســـت و تێڕوانینی هاووڵاتیاندا، بەڵام لە ڕوانگەی هەندێك كەســـەوە، هاووڵاتیان وەك پێویســـت لە گۆڕەپانی ســـیاسی و مەدەنیدا ئامادەییان نییە، كە ئەمەش هۆكاری شـــكســـت و ناكاریگەریی دەربڕینی نارەزاییەكان بوە؛ خەڵكانێك لە میدیا و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكاندا، بە ئاشـــكرا لەمبارەیەوە گلەیی ئاراســـتەی هاووڵاتیان دەكەن... ئەمە پاســـاوێك بو بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە و وەڵامدانەوەی پرســـیاری ســـەرەكی ئەم توێژینەوەیە: هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان چۆن دەڕواننە دیموكراسی؟ چ فۆرمێكی حكومڕانی و شێوازە ژیانێكیان پێ دیموكراسییە؟

لەو چوارچێوەیەدا ئامانجەكانی توێژینەوەكە بریتین لە:

- ئاشنابون بە تێڕوانینی هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان بۆ دیموكراسی.
- دیاریكردنی ئەو فۆڕمی حكومڕانی و شێوازە ژیانەی، كە بەلای هاووڵاتیانی هەرێمەوە دیمۆكراسییە.

لەڕوی گرنگییەوە، توێژینەوەكە بـایەخی لەوەدایە، دەتوانین لەوە تێبگەین، حكومڕانی لە هەرێمی كوردســـتـان دوای نەمـانی ڕژێمی بەعس، تـا چ ڕادەیەك هەوڵی داوە، بەربەســـتە كۆمەڵایەتی و كولتورییەكانی بەردەم دیموكراسی كەم بكاتەوە؛ بەشـــداریش بێت لە ڕەخســـاندنی زەمینەیەكی لەبار، بۆ پەرەپێدان و بڵاوكردنەوەی بەهاگەلێكی دیموكراسی. هاوكات خســـتنەڕوی ڕەنگدانەوەی بنیادی كۆمەڵایەتی و كولتوری وەك ڕێخۆشـــكەر یا بەربەســـت لەبەردەم پرۆســـەی وەرچەرخان بەرەو دیموكراسی. هەروەها دیموكراسی بابەتێك نییە هەر تەنها لەڕوانگەی دەســـەڵات و ســـیســـتەمی ســـیاســـییەوە لێی بڕواندرێت، بەڵكو دیدو تێڕوانینی هاووڵاتیان بۆ دیموكراسی وەك شـــێوازە ژیان، بەرچاوڕونییە بۆ چۆنێتی جیاكردنەوەی حكومڕانی كراوەو پێشكەوتنخواز، لە حكومڕانییەكی داخراوی دواكەوتو.

## 1 چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

### 1.1 دێموكراسی، ڕوانگە و چەمكسازی:

دێموكراسی (Democracy)، چەمكێكی فرەڕەهەندی كۆمەڵایەتی- سیاسییە و، پێنج سەدە بەر لە زایین، لە دەوڵەتەشاری ئەسینای یۆنانی كۆن پەیدا بوە؛ لە بنچینەدا بۆ ئاماژەدان بە هەژاران یا جەماوەر و، دواتر بەواتا حكومڕانی گەل بەكاریانهێناوە. (Klein, Kiranda and Bafaki, 2011: 2). هەرچەندە یۆنان وەك لانكەی دەركەوتنی چەمكی دێموكراسی و بەكارهێنانی بەو واتایە یەكلابوەتەوە، بەڵام تەنها گۆكردنی وشەكەیە، وەك خۆی ماوەتەوە و، واتاكەشی گۆڕاوە (الشریدة و اخرون، 2001: 19-20)، كە بە گوتەی (Janoski, et al, 2005)، لەم دو سەد ساڵەی دواییدا، دێموكراسی پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆی بە دێموكراسی بە واتا ئەسینایییەكەیەوە نەماوەو، لەو چەمكانەیە بە درێژایی مێژو فرەواتا بوە. هەمو نەوەیەكیش پێناسەی خۆی بۆ ئەم چەمكە هەیە (Ninet, 2012: 41)؛ ڕەهەندە میللییەكەشی، تا ئێستا هۆكار بوە بۆ بە زەحمەت تێگەیشتنی (هێیود، 2007: 357)؛ بەوپێیە كە ڕواڵەت و ئاماژەكانی دیمۆكراسی، وادێنە بەرچاو هەمیشە لە فۆرمەلەبوندان (Tilly, 1997, 213) و، خەڵكیش جۆرەها شێوازی حكومڕانی، بە دێموكراسی هەژمار دەكەن؛ چەندین حكومەتیش، بانگەشە بۆ دێموكراسیبونی خۆیان دەكەن.

سەربارى ئەو سەرنجانە، دێموكراسی لەو چەمكانەیە، بە ئاسانی ناتوانین خۆمان لە پێناسەكردنی ببوێرین. لە سادەترین پێناسەیدا، دێموكراسی شێوازێكی حكومڕانییە بۆ هەڵبژاردنی حكومڕانەكان لەلایەن گەلەوە؛ هەرچەندە كە ئەم پێناسەیە،

بەسودە بۆ جیاکردنەوەی ڕژێمە دیموکراسی و نادیموکراسییەکانی لە یەکتری، بەڵام زۆر جار ئەوکەسانەی بە هەڵبژاردن دێنە سەر دەسەڵات، تاکڕەوانە پیادەی دەسەڵات دەکەن. واتای دیموکراسی لە کەسێکەوە بۆ یەکێکیتر، بەپێی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ئابورییەی تیایدا دەژێت، دەگۆڕێت؛ پێداویستی و خواست و داخوازییەکانی تاکیش، هەر لەلایەن ئەو بارودۆخەوە لە قاڵب دەدرێن. (الشریدة و اخرون، 2001: 19). هەندێک لە توێژەران، ئەو جەمکسازییانە بۆ دیموکراسی بە باشترین دەزانن، کە سەرەڕای بەهەندوەرگرتنی تایبەتمەندییە کارڕایی و دامەزراوەییەکان، تێڕوانینی هاووڵاتیانیشیان لەبەرچاوگرتبێت.(Fuuchs and Roller, 2018: 22) .

بە بۆچونی هەریەکە لە (Collier & Levitsky, 1997) لە زۆربەی پێناسەکانی دیموکراسیدا، هەڵوەستە لەسەر ڕێوشوێنەکانی حکومڕانی کراوە. بە گوتەی ڕۆبەرت داهلیش " دیموکراسی، بە بونی ئەمانەوە بەندە: مافی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن و دەنگدان؛ زەمینەیەک بۆ کێبڕکێیەکی سیاسیی تەندروست لەسەر بەدەستهێنانی پاڵپشتی و دەنگی هاووڵاتیان؛ بەڕێوەچونی هەڵبژاردنەکان دور لەساختەکاری؛ پێکهێنانی کۆمەڵە و ڕێخراوەکان بە ئازادی؛ ئازادی ڕادەربڕین؛ دەستەبەرکردنی سەرچاوەی زانیاری جێگرەوە و، دامەزراوەکانی دارێژەری سیاسەت، پشت بە دەنگی خەڵک ببەستن". (Dahl, 1971:3). هەرچی (چارلس تیلی)یە دەڵێت "دیموکراسی، بریتییە لە پانتاییەکی فراوان و تاڕادەیەک یەکسانی هاووڵاتیبونە بەجۆرێک ڕێگە بە هاووڵاتیان بدرێت سەبارەت بە سیاسەت و کاروبارەکانی دەوڵەت، ڕاوێژ بکەن؛ نەشکەونە بەر توندوتیژی دەوڵەتێکی دێوەزمەوە". (Tilly, 1997: 199). هەروەها بە گوتەی دیامۆند ( Diamond, 2004) دیموکراسی، سستمێکی حکومڕانی و هەڵبژاردن و گۆڕینی حکومەتە، لە پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی ئازادو دور لە ساختەکاری؛ لە کاتێکدا گەل بەشدارییەکی کارای لە ژیانی سیاسی و مەدەنیدا هەبێت. ئەمەش دوای دامەزراندنی دەوڵەتێک، کە تیایدا ڕەچاوی سەرەوەری یاسا و، یەکسانی لەنێوان هاووڵاتیاندا، بکرێت.

ڕای جیاواز سەبارەت بە ڕواڵەتەکانی دیموکراسی ئاساییە و، سەرلەبەری پێناسەکانیش، هەمو ڕواڵەکانی دیموکراسی لەخۆناگرن، کە بەلای زۆربەی بیرمەندانەوە سیاسیین، زیاتر لەوەی کۆمەڵایەتی و ئابوری بن؛ بەوپێیەی ڕواڵە سۆسیۆ ئابورییەکانیش، لێکەوتەی ڕواڵەتە سیاسییەکانی دیموکراسین. (Collier & Levitsky, 1997: 433-434).

کێشەیەکیتری چەمکی دیموکراسی، لایەنە میللییەکەتی، کە وایکرد سەردەمانێک وەک چەمکێکی سیاسی واتابەخش پاشەکشێ بکات، بەڵام دواتر بەڕەچاوکردنی لایەنە ئەرێنییەکانی لەسەر ئاستی جیهان، بە واتایەک بەکارهێنراوە، کە دیموکراسی ڕێکەوتنە لەسەر پەسەندکردنی کۆمەڵێک بیروبۆچونی دیاریکراو، یا سیستم و ڕێسای هاوبەش؛ بەو هۆیەوەش ئەم واتایانەی پێوە لکاون:

- سیستم و شێوازێکی فەرمانڕەواییکردنە لەلایەن هەژار و بێبەشکراوانەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەردەوام، بێ ئەوەی پێویستی بە کەسانی سیاسی لێهاتو و کارسازانی گشتی هەبێت.
- بەرهەمهێنی کۆمەڵگایەکە لەسەر بنەمای ڕەخسانی هەلی یەکسان و لەخۆبردویی بۆ تاک، زیاتر لە بونی پلەبەندییەکی قوچەکی و بەخشینەوەی جیاوک.
- سیستمێکە بۆ چاودێریکردن و سەرلەنوێ بەشینەوە، بە ئامانجی بەرتەسککردنەوەی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان.
- سیستمێکە بۆ گەڵاڵەکردنی بڕیارەکان لەسەر بنەمای حوکمی زۆرینە.
- سیستمێکە بۆ پاراستنی ماف و بەرژەوەندیی ئێتنۆگروپەکان، لەمیانەی سەپاندنی کۆنترۆڵ بەسەر حوکمی زۆرینەدا.
- ئامرازێکە بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێیەکی کێبڕکێکار لەسەر بەدەستەوەگرتنی پۆستە گشتییەکان لەسەروبەندی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی گشتیدا.

- سیستمێکی حکومڕانییە لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی گەلدا، بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی ئاخۆ لە ئیدارەدانی سیاسیدا بەشدارن یاخود نا. (Klein, Kiranda and Bafaki, 2011: 2).

دێموکراسی دەکرێ مافە کۆمەڵایەتییەکانی وەک خۆشبژێوی و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ هەموان، ژیاندنی بێسەرپەرشتان لەخۆبگرێت؛ ئەو شێوازەی داکۆکیکردن لە واتای دێموکراسی، واتە ئەگەر تاکەکان کەرەستە و سەرچاوەی پێویستیان بۆ دابینکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکان لەبەردەستدا نەبێت، ئەوا پرەنسیپەکانی دیمۆکراسی بۆ یەکسانی و بەشداریی سیاسی، هیچ واتایەکیان نابێت. سەرباری ئەوە، پاڵپشتیکردن لە دێموکراسی لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا، تەنها ئاماژەیە بۆ ئارەزوی ئاستێکی بژێوی باش؛ ئەم بیرۆکەیە تا ئاستێک پەرەپێدراوە، کە دێموکراسی بە کۆمەڵگا پیشەسازییە دەوڵەمەند و پێشکەوتوەکان پەیوەستکراوە؛ ئەم ئاراستەیە لەباریدا هەیە خەڵکی بخاتە سەر ئەو باوەڕەی، کە خۆشبژێوی و ئاسایشی ئابوری، دەبنە مایەی پێشکەوتن و یەکسانی. ( Dalton, Shin and Willy, 2007:144-145).

پاڵپشتیکردنی هاووڵاتیان لە دێموکراسی، پێویستییەکی سەقامگیری و جێبەجێبونی دێموکراسییە.( Fuuchs and Roller, 2018: 24). لەو بارەیەوە و بە بۆچونی **جۆن دیوی**، دیمۆکراسی سیستمێکی کۆمەڵایەتییە، بۆ بنیاتنانی پەیوەندی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگا و دەوڵەتدا لەسەر بنەمای یەکسانی لەنێوان هاووڵاتیان، بەشداریکردنی ئازادانەیان لە گەڵاڵەکردنی یاساکان و، ڕێکخستنی ژیان بەگشتی. کەواتە، دێموکراسی زیاترە لەوەی، کە هەر تەنها سیستمێکی حکومڕانی بێت، بەڵکو ڕێگە و شێوازێکیشە بۆ بەشداریکردن و ئەزمونێکی دو لایەنەی هاوبەش؛ بەوپێیەی وەک بیروباوەڕ، لەڕێی بەرجەستەکردن و چەسپاندنی کۆمەڵێک بەهای ئاست بەرز، دۆخێک بۆ تاکەکان سازدەکات، هەست دەکەن لەڕوی مافە کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی و مەدەنییەکان یەکسانن. (یاسین، 2011: 133).

وەک (دەیڤد هێڵد)یش دەڵێت "ئێستا دێموکراسی هەر تەنها مۆدێل و سیستمێکی حکومڕانی ڕۆژئاوایی نییە، بەڵکو فۆرمێکی جیهانییە و، پێودانگێکی شیاوە بۆ حکومڕانی و ڕەوایەتیپێدانی سیاسی". (هیلد، 2006: 5). بەشێک لەو بۆچونانەی پێشەوە بەرەو ئەوەمان دەبەن، هەڵوەستەیەک لەسەر دێموکراسی بەواتای حوکم یا حوکمڕانی کارا (Effective Governance) بکەین، لە کاتێکدا حکومەتداری لەسایەی دێموکراسی یا حوکمی کاراوە، بتوانێت پێداویستی و خزمەتگوزارییە سەرەتایی و ناوەندییەکان؛ تا دەگاتە ڕەخساندنی فەزایەکی ئازاد بۆ ڕادەربڕین و ڕەخنەگرتن، بۆ خەڵکی دابین بکات. مەرجیش نییە دێموکراسی هەمیشە حوکمێکی کارا بهێنێت؛ چەندین وڵات توانیویانە لەبواری دابینکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و پێداویستییەکان، پێشکەوتنی بەرچاو بەخۆیانەوە ببینن، بەڵام لەبواری مافە مەدەنییەکان و ئازادی ڕادەربڕیندا، لە دواوەن؛ بۆ نمونە وڵاتی چین و، سەردەمانێکیش وڵاتی عێراق. کەواتە دێموکراسی ئەوکاتە دەتوانێت حوکمێکی کارا بەرهەمبهێنێت، کە هەم سەرکەتو بێت لە دەستەبەرکردنی خۆشبژێوی کۆمەڵایەتی؛ هەم لەبواری گەشەپێدانی مرۆیی و فەراهەمکردنی ئازادی سیاسیدا، هەنگاوی پێویستی هەڵگرتبێت و، دەسەڵاتێکی خوازراویش بێت. (خدر، 2014: 51-52).

بەگشتی دەتوانین بڵێین، دێموکراسی ئەگەر لە ڕوی سیاسییەوە بریتیبێت لە چەند ڕێوشوێن و پرۆسەی سیاسی و یاسایی بۆ بەرجەستەکردنی سیستمێکی سیاسی و، شێوازێکی حکومڕانی لەلایەن زۆرینەی گەلەوە، ئەوا لە کۆگشتییەکەیدا، بەشێکی دانەبڕاوە لە ئاکار و بنیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا، کە ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لە ڕەخساندنی زەمینە و کەشێك، کە تیایدا دەرفەتی بەشداریکردن بەشێوەیەکی یەکسان و، سودمەندبونێکی دادوەرانە بۆ هەموان برەخسێت. چەمکسازی

هاوولاتیانی هەرێمیش بۆ دیموکراسی لەم توێژینەوەیەدا، پەیوەستە بەو تێهزرین و ڕێوشوێن و کردار و بەشداری و هەڵسوکەوتانەی، کە لە دیدی ئەواندا، گوزارشتن لە بونی شتێک بەناوی دیموکراسییەوە.

**2.1 پاشخانی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشو:**

بە گوتەی (Mazo, 2005) جیاوازی ڕای بیرمەندان لەبارەی چێتی دیموکراسیەوە، زۆرێک لە تیۆریستانی هاندا لەجیاتی هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری دیموکراسی چییە؟ ڕو بکەنە وەڵامدانەوەی پرسیارێکی گرنگتر: چ بارودۆخێک ڕێخۆشکەرە لەبەردەم بەدیموکراسیبون و بەرەوپێشچونی دیموکراسیدا؟ لەمبارەیەوە و بە لێکدانەوەی بێرنارد کریگ (Crick, 2002)، سەرباری ئەوەی خەڵکی زمان و کولتوریان جیاوازەو، لە گۆکردنی وشەی دیموکراسیدا، جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، بەڵام لە لێکدانەوەیاندا بۆ واتاکەی، وەک یەک بیرناکەنەوە. بەگوتەی هەر یەکە لە ( Schmitter & Karl, 1991)، لە سەرجەم فۆڕمەکانی دیموکراسیدا، توخمی سەرەکی هاووڵاتیانن؛ بەوپێیەی کایە گشتییەکان لەنێو سیستمەکانی حکومداندا، بەڵام هەژمارکردنی سیستمەکان بە دیموکراسی، بەندە بە هاووڵاتیبون تیایاندا. کەواتە دیدی هاووڵاتیان لەمەڕ دیموکراسییەوە، گرنگە بۆ زانینی چییەتی دیموکراسی و، ئاشنابون بە پێودانگەکانی هەژمارکردنی ڕژێم و شێوازەژیانێک بە دیموکراسی؛ بەتایبەت لە کاتێکدا وەک هەریەکە لە (Çelikadam and Cesur, 2023) جەختی لەسەر دەکەنەوە تێگەیشتنیان لە دیموکراسی، نزیک بێت لە شرۆڤە زانستییەکان.

بە بۆچونی هەریەکە لە (Almond and Verba, 1963)، هاووڵاتیان بەو ڕاددەیە لەسەروی جیاوازی ژینگەو، پاشخانی کۆمەڵایەتی و سیاسییان، تێڕوانینی هاوبەشیان لەمەڕ هەندێک ڕەگەزو ئاماژەکانی دیموکراسی هەیە، ئاساییە بۆچونی جیاوازیشیان لەبارەیەوە بێت. ئەوە ئاراستە و بەها کۆمەڵایەتی و کولتورییەکانن، کە تێگەیشتنی هاووڵاتیان لەمەڕ دیموکراسییەوە لە قالب دەدەن؛ بۆیە دیموکراسی لە چوارچێوە کولتورییە جیاوازەکاندا، واتای جیاواز دەگەیەنێ.

بەپێی ئەنجامی بەشێك لە توێژینەوە و ڕووپێوی ناوەندە جیهانییەکان، بەشێک لە هاووڵاتیان دیموکراسی بە کارایی دامەزراوە و، ڕێککارەکانی تایبەت بە هەڵبژاردن تێگەیشتون. هەندێکیشیان بونی دیموکراسیان، بە بونی ئازادی و دەستەبەرکردنی مافەکان لە ئەرزی واقیعدا بەستۆتەوە؛ نەک تەنها گوتار و بانگەشە. ئیدیکە سەرباری بەهەندوەرگرتنی لایەنە سیاسییەکەی دیموکراسی لە وێنا گشتییەکەیدا، زیاتر سەرنجی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکەی دیموکراسیان داوە؛ جەختیان کردۆتەوە، کە جیا لە مافە سیاسی و مەدەنییەکان، دیموکراسی بەبێ دابینکردنی ماف و، خزمەتگوزاریی و پێداویستییە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکان، دەستەبەری داد و یەکسانی و بەرژەوەندی گشتی بۆ هەموان، بەرجەستە نابێت. (Dalton et al, 2007:144 - 14). لە توێژینەوەکانی پێشودا گوزارشتێک، کە بۆ دیموکراسی لە ڕوانگەی هاووڵاتیانە زۆر دوبارەکرابێتەوە ئەوەیە، کە دیموکراسی بەر لە هەمو شتێک، ماف و ئازادییە( Ottomeller, 1998; Bratton and Matter, 2001a & 2001b; Baviskar and Malone, 2004; Moodie, 2005; Fuchs and Roller 200; Schedler and Sarsfield, 2007; Blaauw, 2007; Dalton et al, 2007; Kemahlıoğlu ve Keyman, 2011; Liebowitz and Kibirige, 2013).

بە بڕوای (Dalton et al, 2007) ناساندنی دیموکراسی وەک ماف و ئازادی، تەنانەت لایەن هاووڵاتیانی وڵاتە پێشکەوتو و دیموکراسییەکانیش، لەبەرئەوەیە دیموکراسی باشترین ئامرازی دەستڕاگەیشتنە بە ماف و ئازادی. سەرباری ئەوەش (Ottemoeller, 1998) لە توێژینەوەکەیدا لەمەڕ تێڕوانینی ئۆگەندییەکان بۆ دیموکراسی، بەو ئەنجامە گەیشتوە، کە هەرچەندە خەڵکانێک لەبەر هەندێک تایبەتمەندی کولتوری، هەمو بەها دیموکراسییەکانیان قبوڵ نییە،

بەڵام بایەخدان بە بەها دێموکراسییەکان و، ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، لای ئەوانەی ئاستی خوێندەوارییان باشە زیاترە؛ بەوپێیەی لەرێی خوێندنەوەوە، زیاتر ئاشنای دێموکراسی بون.

لە لایەکیترەوە، تەنها تێگەیشتنێکی لیبراڵیانە بۆ دێموکراسی و، ڕەخساندنی ئازادیە سیاسییەکان لەوێنەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد، ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و، یەکسانبون لەبەردەم یاسادا، بەس نین بۆ چەسپاندنی پایەکانی بەدێموکراسیبون، بەڵکو ئەدای ئابوریش، گرنگە بۆ لەقاڵبدانی تێڕوانینی هاووڵاتیان لەمەڕ دێموکراسییەوە؛ هەربۆیەش بۆ هاووڵاتیانی هەندێک وڵاتی ئەفریقی وەک نامبیا، مالی، نایجیریا و چەندین وڵاتی عەرەبی و جیهان، کە داهاتی تاکەکەس تیایاندا لە ئاستێکی نزمدایە، پرسی بژێوی و ئابوری لە پێشەوەی پرس و بابەتە سیاسییەکانەوەیە ( Blaauw, 2007; Bratton and Mattes, 2001; World Value Survey: WVS, 2018; Tessler et al., 2012).

بەو واتایە، بەدامەزراوەییبونیش لەناو کایەی سیاسی و حکومڕانیدا، لە فۆڕمەلەکردنی بیرکردنەوەی هاووڵاتیان لەمەڕ دێموکراسیی، ڕۆڵی هەیە. خەڵکی هەر تەنها لەبەر ماف و ئازادییەکان، دێموکراسییان قبوڵ نییە، بەڵکو ئەدای سیاسی و بەڕێوەبردن و بنەمای بەدامەزراوەییبونیش لەڕوی کۆمەڵایەتی و ئابورییەوە، بایەخی زۆریان هەیە. سەرباری بونی حزبی سیاسی، دەنگدان، مافە مەدەنی و سیاسییەکان، هەریەکە لە یەکسانی و خزمەتگوزارییەکی باشی تەندروستی و پەروەردە و پێگەیاندن لە لایەک؛ لە لایەکترەوە کەمبونەوەی ڕێژەی هەژاری و تاوانکاریش بۆ نزمترین ئاستدا، ڕۆڵیان لە بیناکردنی تێڕوانینێکی ئەرێنی لای هاووڵاتی بۆ دێموکراسی هەیە. (Çelikadam and Cesur, 2023: 6).

لەو کۆمەڵگایانەی لە قۆناغی وەرچەرخاندان بەرەو دێموکراسی، هەر یەکە لەئاستی خوێندەواری بە پلەی یەکەم و، دەسهات بە پلەی دوەم و، بەڵێنی سەرکردنەکان بەوە، کە دێموکراسی دەکەنە ئامراز بۆ باشترکردنی ئاستی بژێوی و، کەمکردنەوەی نایەکسانی لەنێوان هاووڵاتیاندا، ڕۆڵی سەرەکیان لە فۆرمەلەکردنی دیدوبۆچونی هاووڵاتیان دەهەمبەر دێموکراسیدا هەیە. لەسەروبەندی سەرهەڵدانی قەیرانەکاندا، شێوازی دەربڕینی ئەوگلەییانەی، کە هاووڵاتیان ئاراستەی دەسەڵاتی حکومڕانی دەکەن، نیشانەی ئەوەیە، کە جیاواز لە ناوەڕۆکی دێموکراسی تێگەیشتون. (Baviskar and Malone, 2004; Ceka and Magalhães, 2014). مەرج نییە ئەو وڵاتانەی لەڕوی کولتورییەوە لە یەکتریدەچن و، سیستمی سیاسیان جیاوازە، دیدوتێڕوانینی هاووڵاتیانیان دەهەمبەر دێموکراسیدا زۆر جیاوازیان بێت؛ سیستمی سیاسیی مالیزیا و ئەندەنوسیا جیاوازە، بەڵام هەڵوێستی گشتی هاووڵاتیانی هەردو وڵات بەرامبەر بە دێموکراسی، لەیەکەوە نزیکە و، پێیانوایە دێموکراسی میکانیزمێکی شیاوە بۆ بەکۆداچونەوەی گەندەڵییەکی سستماتیک. هێشتاش بە باوەڕی نیوەی هاووڵاتیانی هەردو وڵات، بواری ڕەخنەگرتن لە حکومەت، وەک پێویست نەڕەخسێندراوە؛ لە هەوڵدانەکانی حکومەتیش بۆ جێگیرکردنی بەهاکانی دێموکراسی وەک یەکسانی، ئازادی و سەروەری یاسا ڕازی نین. (Pietsch and Clark, 2015). سەرباری ئەوە، ئاستی بەدێموکراسیبونی وڵات و، مەعریفە و ئاشنایەتی هاووڵاتیان بە دێموکراسی، هەڵسەنگاندنیان بۆ دێموکراسی دیاری دەکات بەجۆرێک، کە ئەگەر وڵاتەکە وڵاتێکی دێموکراسی بێت، ئەوا هاووڵاتیانیش هەڵسەنگاندنێکی ئەرێنی بۆ وڵات و سیستمەکەشی دەکەن؛ هەرچەندە لەڕوی ئەزمونییەوە دەرکەوتوە، کە هەڵسەنگاندنی هاووڵاتیان بۆ دێموکراسی لەو وڵاتانەی نە لەسەر دێموکراسی هەژماردەکرێن و، نە دیکتاتۆرین، زۆر پەیوەندی بە ئاشنایەتی و مەعریفەیانەوە نییە سەبارەت بەو چەمکە. هاوکات ئەو تێگەیشتنە خودییەش، کە هاووڵاتی بۆ دێموکراسی هەیەتی، هەر تەنها پرۆسە و دامەزراوە بابەتییەکان فۆڕمەلەی ناکەن، بەڵکو دابونەریت و چوارچێوە کولتورییەکانیش، ڕۆڵی سەرەکیان لە فۆڕمەلەکردنیدا هەیە؛ لەم بارەیەوە لێبوردەیی و متمانە لەنێوان هاووڵاتیان وەک

دو سیمای هەرە دیاری دێموکراسی لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان، بەڵگەی جیاوازیی ئەو کۆمەڵگایانەیە لەگەڵ کۆمەڵگاکانیتر.(Fuchs and Roller, 2018).

بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی هەریەکە لە (Baviskar and Malone, 2004)، لە هەندێک وڵاتی ئەمریکای باشور وەک گواتیمالا بەرێژەی (22%)، لە چیلی بەرێژەی (18%)، لە هەریەکە لە ئەرجەنتین و بەرازیل بەرێژەی (14%)ی هاووڵاتیان پێیانوابوە، کە دێموکراسی لە ئەفسانەیەک زیاتر هیچیتر نییە. ئەم ڕێژانە لەسەرێکە دەشێ دەرخەری ئەو ڕاستییە بن، کە هاووڵاتیانی ئەو وڵاتانە، هۆشیارو ئاگاداری شێوازی حکومڕانی ئەو وڵاتانەن و، ڕەخنەیان لێی هەیە؛ بەڵگەی ئەوەش، ئەوانەی لە ئاستی خوێندەواری و بژێویان باشە، تێڕوانینیان ئەرێنیترە. لەسەرێکیتریشەوە دەکرێ ئاماژەی کۆڵەواری بەشێک لە هاووڵاتیان بێت سەبارەت بە پێویستی دێموکراسی وەک سیستمی سیاسی و بەرێوەبردن. بۆ ئەوانەش کە باوەڕیان بە دێموکراسی هەیە، هەبون و جێگیرکردنی ئازادی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، ڕەخسانی هەل و ئابوریەکی یەکسان، دەستەبەری ماف و خۆشبژێوی کۆمەڵایەتی، دارشتنی سیاسەتی کارو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لەبوارە جیاجیاکان، بەدەنگەوەچونی حکومەت و ملکەچی بۆ لێپرسینەوە، دابینکردنی ئاسایش و سەلامەتی گشتی، ڕێگریکردنی لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و گەندەڵی، لە ئاماژەکانی بونی دێموکراسین.

لە وڵاتانی عەرەبیدا، هاووڵاتیبون و دێموکراسی، چ وەک سیستم یا شێوازی بەرێوەبردن، چ وەک کولتور، بەرهەڤ نەبوە؛ بەوپێیەی کەناڵەکانی شیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی، نەیانتوانیوە بەهای بەدێموکراسیبون بکەنە بەشێک لە کەسایەتی و بیرکردنەوەی هاووڵاتیان و لەسەریان ڕابێن؛ لە کاتێکدا ناواخنی کولتوریی ئەم ناوچەیە، نامۆیە بە کۆمەڵێک بەهاو پێودانگ، کە پێویستی سەرەکین بۆ بەدێموکراسیبون. بۆیە هێشتاش نیەتی قۆرخکردنی دەسەڵات هەر ماوە (عابد، 2014؛ فوزیة، 2016 و الاطرش، 2023). تا ئێستا لەو وڵاتانەدا، پرسی ئافرەت پرسێکی هەستیار و جێی مشتومڕە بە جۆرێک زۆرینەی هاووڵاتیان، یەکسانی نێوان ژن و پیاو، بە یەکێک لە سیما سەرەکییەکانی دێموکراسی دانانێن. لەنێو دە لە ڕواڵەت و تایبەتمەندییەکانی دێموکراسی، یەکسانی نێوان ژن و پیاو لە دیدی هاووڵاتیانی ئوردن و مەغریب، لە پلەی حەوتەمدایە؛ لە میسر لە پلەی هەشتەم و، لە عێراق لە پلەی نۆیەم دایە. بەو واتایەش لە وێنای عەرەبەکاندا، یەکسانی نێوان ژن و پیاو، پرسێکی هێندە گرنگ نییە. (De Regt, 2013: 44 - 45). بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی (Tessler et al., 2012)، تێگەیشتنی هاووڵاتیانی جەزائیر و لوبنان و ئوردن بۆ دێموکراسی، تێگەیشتنێکی ڕەهەند ئابوری و سیاسییە؛ بەتایبەت ئابوری، کە ڕۆڵی سەرەکی لە وێناکردنی هاووڵاتیانی ئە وڵاتانە بۆ دێموکراسی هەیە.

بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی (Claassen et al., 2024) ڕەهەندی گشتی پاڵپشتیکردن لە دێموکراسی لیبراڵ، لە هەڵوێستی گشتی پەیوەست بە ماف و، دامەزراوە لیبراڵییەکاندا بەرجەستە دەبێت؛ بەتایبەت لە وڵاتە خۆشبژێوەکان، بەڵام لە حکومڕانییە دواکەوتوەکاندا، هەڵوێستێکی گشتگیر و هاوئاهەنگ لەمبارەیەوە بەدیناکرێت؛ هەرچەندە بە گوتەی هەر یەکە لە (Dalton et al., 2007; Chu et al. 2008)، وەک فۆرمی حکومڕانی تەنانەت لە وڵاتە نادێموکراسی و تازەپێگەیشتوەکانیش، پاڵپشتییەکی فراوانی میللی لە دێموکراسی لێدەکرێت و، ڕێژەیەکی زۆر کەمی خەڵکی، دێموکراسی هەر لە خۆشبژێوی و، ئاسایشی کار و کەسیدا وێنا دەکەن؛ بەوپێیەی زۆربەی خەڵکی لە خەمی بونی ئازادی و، بەدەستهێنانی مافەکانیان دان؛ دێموکراسیشیان پێ شیاوترین ئامرازە پێکانی ئەم ئامانجە. لەمبارەیەوە و بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی (Akboğa and Şahin, 2018)، هەر یەکە لە شوناسی نەتەوەیی، ئاینی، ڕەگەز و تەنانەت مێژوی پەیوەندیی هاووڵاتیان بە دەوڵەتەوە، ڕەنگدانەوەیان بەسەر تێڕوانینی هاووڵاتیانی تورکیاوە بۆ دیمۆکراسی هەیە؛ هەریەکە لە ژنان و کورد و عەلەوییەکانی تورکیا، کاتێک لەمەڕ واتای دێموکراسییەوە پرسیاریان لێ کراوە، جەختیان لەسەر

ماف و ئازادییەکان کردۆتەوە. ژنان هاوتابونیان لەڕوی ماف و ئازادییەوە، بە دێموکراسی زانیوە؛ کوردەکان ماف و هاوتابون لەگەڵ تورکەکان و، عەلەوییەکانیش لە ماف و هاوتابون لەگەڵ سونەکان، دێموکراسییان وێناکردوە. لە کاتێکدا ئەوانەی کێشەیەکی ئەوتۆیان لەگەڵ سیستمی سیاسی ئەو وڵاتەدا نەبوە، لە وێناکردنی دێموکراسیدا، پێداگیرییان لەسەر خۆشبژێوی ئابوری کردۆتەوە.

بەپێی ئەنجامی توێژینەوەی (Bratton and Mattes, 2008)، چەندین کەس لە وڵاتانی زامبیا، غانا و ئەفریقای باشوریش لەوێنایاندا بۆ دیمۆکراسی، زیاتر چاویان لەسەر دەستکەوتە ئابورییەکانە؛ بەڵام لە هەمان کاتدا ماف و تایبەتمەندییە سیاسییەکانیشیان، بەلاوە گرنگ بوە.

بەپێی ئەنجامەکانی ڕاپۆرتی ڕوپێوی بەها جیهانییەکان، بەڕێژەی 53% هاووڵاتیانی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، پێیان وایە عێراق لەڕوی حکومڕانییەوە، دێموکراسییە نییە؛ هەربۆیەش تەنها بەڕێژەی 36%یان، لە ئەدای سیستمی سیاسی وڵاتەکە ڕازین؛ بەنزیکەی 73%یان بە ئاواتەوەن لە وڵاتێکی سیستەم و حکومڕان دێموکراسدا بژین، نەک وڵاتێک هێزە پاشخان ئایینیەکان، هەژمونیان بەسەر دەسەڵاتەوە هەبێت؛ هەر لەبەرئەوەش بەڕێژەی 52%، بە باشی نازانن سستمێکی ئاینی و بێ بونی پارتی سیاسی و هەڵبژاردن، وڵاتەکە بەڕێوەببات. هەر بەپێی ئەنجامەکانی هەمان ڕوپێوی، تێڕوانینی عێراقییەکان بۆ ئەمانەی خوارەوە وەک تایبەتمەندییەکانی دیمۆکراسی، بەوجۆرەیە: وەرگرتنی باج لە دەوڵەمەندەکان و یارمەتیدانی هەژاران بەڕێژەی 73%، تەفسیرکردنی یاساکان لەلایەن پیاوانی ئاینییەوە بەڕێژەی 52%، هەڵبژاردنی دەسەڵاتداران بە هەڵبژاردن بەڕێژەی 80%، حکومەت بڕە پارەیەک دابینبکات بۆ ئەوانەی کار و سەرچاوەی داهاتیان نییە بەڕێژەی77% ، سوپا دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت هەر کاتێک حکومەت کاراو لێهاتو نەبو بەڕێژەی 68%، پاراستنی مافە مەدەنی و ئازادییەکانی خەڵک لە چنگی دێوەزمەیەی دەوڵەت و بەدیهێنانی یەکسانی لەنێوان داهاتی خەڵکیدا بەڕێژەی نزیکەی 74%، ملکەچبون بۆ فەرمانڕەوایان بەڕێژەی 64%، ئافرەتانیش هەمان مافی پیاوانیان هەبێت بەڕێژەی 73% (Haerpfer et al., 2020, world value survey wave7). بەگوتەی هەریەکە لە ( Bratto and Mattes, 2001a)، زۆربەی وێناکردنەکان بۆ دێموکراسی، بەرهەمی ئەزمونە کەسییەکانن. چەمکسازی هاووڵاتیان بۆ دێموکراسی لە وڵاتە مەدەنییەکاندا، لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی دۆخی پیادەکردنی بنەماو، پێوەرە سیاسی و ئابورییەکانی دێموکراسی بوە؛ بەوپێیەی تاڕادەیەکی زۆر، پرسی دەستەبەرکردن ماف و ئازادییە کەسییەکانیان تێپەڕاندوە. لە وڵاتە دواکەوتوەکاندا بە ڕۆژهەڵاتی ناوینیشەوە، توێژینەوەکان هێندە نەپرژاونەتە سەر چەمکسازی هاووڵاتی بۆ دێموکراسی و بەهاکانی؛ بەتایبەت لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە، تاوەکو بزانرێ هاووڵاتیانی ئەو وڵاتانە، دێموکراسی بەوە تێگەیشتون، کە ئێستا باوەڕیان پێی هەیە و پیادەی دەکەن؛ یا مۆدێلێکی ژیانکردنە و، تا ئێستا وەک پێویست بەرجەستە نەبوە و، دەبێ تەبەنی بکەن! ئەمە خاڵی جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشو.

## 2. نەخشەسازی و میتۆدۆلۆجیای توێژینەوەکە:

توێژینەوەی بەردەست، توێژینەوەکی سۆراخکاری چۆنایەتییە؛ ئەمەش بەوپێیەی هەوڵی ئاشنابون بە تێڕوانینی هاووڵاتیان لە دێموکراسی دەدات، نەک تاقیکردنەوەی گریمانەیەکی تایبەت؛ ئەمەش پاڵپشت بە بۆچونی ( Asika, 2004)، کە پێیوایە توێژینەوەی سۆراخکاری لەڕێی ورژاندنی پرسیارەوە، هەوڵی ئاشنابون بەتێڕوانینی لێتوێژراوان سەبارەت بە بابەتی توێژینەوە دەدات؛ گریمانەیەکی تایبەت بە پەیوەندی گوراوەکانی توێژینەوەش، ئاراستەی ناکات بۆ چۆنێتی کۆکردنەوەی زانیارییەکان.

بە گوتەی هەریەکە لە (Saunders et al., 2016) ، نەخشەسازی توێژینەوەی سۆراخکاری وەهایە، کە لەڕێی ورژاندنی پرسیارو دەستخستنی وڵامێکی واقعییەوە، ئامرازێکی بێ وێنەیە سەرەتا بۆ ئاشنابون بەوەی چی ڕودەدات، ئینجا دیاردەکان پاڵپشت بە تێڕوانینێکی نوێ هەڵدەسەنگێنێ .بەگوێرەی بۆچونی (Goundar, 2012) توێژینەوەی سۆراخکاری بەوەی، کە لەبەردەستیش دایە، توێژینەوەی بەراییں، کە ڕاستەوخۆ لەڕێی دواندنی چەند کەسێک لەمەیدانی توێژینەوە، هەوڵی بنکۆڵکردنی دیدو تێڕوانینیان دەدرێت لەبارەی بابەتێکەوە، کە پێویستی بە بەدواداچونێکی تێروتەسەل و لێوردبونەوەیەکی قوڵ هەیە. لەم توێژینەوەیەشدا بۆ ئەم مەبەستە، چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراو لەگەڵ (24) کەسدا ئەنجام دراوە. لەچوارچێوەی توێژینەوە چەندایەتییەکاندا، بەکارهێنانی چاوپێکەوتنی نیمچە کراوە لە جۆرەکانیتر گونجاوترە، لەبەرئەوەی بواری بەدەستهێنانی زۆرترین زانیاری پێویست لەو کەسانەی، کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا دەکرێت بۆ توێژەر دەڕەخسێنێت؛ ئەمەو جگە لەوەی توێژەر لە کاتی بەڕێوەچونی ئەم جۆرە چاوپێکەوتنەدا، دەتوانێت پارێزگاری لە ئاراستەی بەڕێوەچونی پرۆسەی چاوپێکەوتنەکە بکات؛ بەتایبەت کاتێک هەست بکات گفتوگۆی نێو چاوپێکەوتنەکە لەڕوی پرسیار و وەڵامدانەوە، خەریکە لە ئامانجەکانی توێژینەوەکە لا دەدات(Ruslin, et al., 2022: 29). چاوپێکەوتنەکان لە (4/5 تا 2025/7/19) ئەنجام دراون. نمونەکە بە شێوەیەکی مەبەستدار وەرگیراوەو، لەڕوی باکگراوندو باری دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەوە، دەستەی جیاجیا لەخۆدەگرێت. بەشداربوانی چواردەهەم، پانزەهەم و شانزەهەم، حەڤدەهەم، هەژدەهەم و نۆزدەهەم، کە سەرجەمیان (6) کەسن، خەڵکی ناو شاری سلێمانی و ئیدارەی ڕاپەڕین و گەرمیانن؛ بەشداربوانی یەکەم تا حەوتەم و بیست و چوارەم، کە (8)کەسن، خەڵکی ناو شاری هەولێر و ئیدارەی سۆرانن؛ بەشداربوانی بیست تا بیست و سێیەم، کە (4) کەسن، خەڵکی هەڵەبجە و خورماڵ و شارەزورن؛ بەشداربوانی هەشتەم تا سێزدەهەم، کە هەمویان (6) کەسن، خەڵکی ناو شاری دهۆک ئاکرێ و شیخان بون لە بادینان. لەڕوی ڕەگەزەوە، (8)یان مێ و (16)یان نێرن؛ تەمەنیشیان دەکەوێتە نێوان (22) تا (55) ساڵییەوە. (13) کەسیان خوێندنی باڵایان تەواکردوە و جگە لە یەکێکیان نەبێ هەمویان مامۆستان لە زانکۆ؛ (11)شیان تەنها دەرچوی زانکۆن، کە (3)یان بێکارو، (2)یان توێژەرو، (2) کرێکارو، یەکیان کاری سەربەخۆ دەکات و، ئەوانیتر مامۆستا و فەرمانبەرن. نمونەکە (10) کەسیان سەڵت و، (13)یان خێزاندارو، یەکێکیان لەپیاوەکەی جیابوەتەوە. باری بژێوی (6)یان باش، (15)یان مام ناوەندو، (2)یان زۆر باش و، یەکێکیان خراپە.

پێش ئەنجامدانی چاوپیکەوتنەکە، بە فۆڕمێکی تایبەت، ڕەزامەندییان وەرگیراوە بۆ تۆمارکردنی دەنگیان سەبارەت بە وەڵامیان بۆ ئەم پرسیارانە: دێموکراسی بەلای تۆوە چییە و، چۆن لێی تێگەیشتوی؟ دەتوانی پێم بڵێت، چ فۆڕمێکی حکومڕانی و شێوازە ژیانێکت پێ دیمۆکراسییە؟

چاوپێکەوتنەکان بەرێکەوتنێکی پێشوەختە لەگەڵ لێتوێژراواندا ئەنجام دراون. ئەنجامدانی هەر چاوپێکەوتنێک ماوەی ٤٥ خولەک تا کاتژمێرو نیوێکیان خایاندوە بەپێی ئاستی تێگەیشتنی لێتوێژراو لە پرسیار و گەیاندنی وەڵامەکان. بۆ شیکردنەوەی زانیارییەکان سود لە بەرنامەی (MAXQDA)* و تیایدا ڕێگەو شێوازی بابەتی وەرگیراوە؛ ئەم ڕێگەیە (شیکردنەوەی بابەتی)، میتۆدێکی وەسفی چۆنایەتییە، کە بەهۆیەوە دەتوانرێ گوزارشتی دەنگی دوای وەرچەرخاندنیان بۆ دەق، لە چەند تەوەر یا ناونیشانێکدا پوختەو ڕێک بخرێن دوای کۆدکردن و بە گروپکردنی کۆدە هاوبەشەکان.

### 3. خستنەڕوی زانیارییەکان:

لە وێنایاندا بۆ دێموکراسی، لێتوێژراوان بون بە دو گروپ: ئەوانەی باوەڕیان بە دێموکراسی هەیە، کە هەندێکیان پێیانوایە دێموکراسی هاوڕێک لەگەڵ سروشت و کولتوری کۆمەڵگاکان، بە سیستم و فۆڕمی حکومڕانی و شێوازەژیانی جیاواز، قابیل

بە جێبەجێبونە. گروپەکەیتر کە وەک پرەنسیپ باوەڕیان بە دێموکراسی هەیە، بەڵام پێیانوایە هێندە لە واقعدا بەرجەستە نەبوەو، هێزە دەسترۆیشتوەکان وەک ئامراز بۆ پێکانی چەند مەبەستێکی سیاسی و ئابوری، بەکاریان هێناوە؛ لە هەندێک وڵاتیشدا، زیدەڕۆیی تێدا کراوە. بەشێکیتر لە لێتوێژاوان، هەر لە بنەڕەتدا باوەڕیان بە دێموکراسی نییە و، پێیان وایە لە یۆتۆبیا و خەون زیاتر نییە و، بیرۆکەیەکە هەر لە بنەڕەتدا شیاوی جێبەجێکردن نییە و، گاڵتەجاڕی و ئامرازێکە بۆ گەوجاندنی خەڵک. لەم ڕووەوە لە چەند تەوەرێکدا، بۆچونیان دەخەینەڕو.

### 1.3. دێموکراسی، مافە، ئازادییە، یەکسانی و دادی کۆمەڵایەتییە:

بۆچونی بەشێک لە لێتوێژراوان وەهایە، کە دێموکراسی یەکێک یا زیاتر لەمانەیە: ئازادی تاکەکەسی و ئازادی لە دەربڕینی بیروڕای سیاسی و ئاینی، ماف، دادی کۆمەڵایەتی و یەکسانی؛ بۆ نمونە مافی دەنگدان، مافی خۆپاڵاوتن، یەکسانی لەبەردەم یاسا، یەکسانی لەڕوی هەلی کار و بژێوی و پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان، پرسی پابەندبون بە یەکسانی یا ڕەچاوکردنی دادپەروەری لەنێوان ژن و پیاو و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان.

لەمەڕ ماف و ئازادییەوە، بە بۆچونی (Holcombe, 2021) تاکەکان دەبێ ئازاد بن و، بڕیاریان لەبارەی ئەوەی هەڵی دەبژێرن، نەکەوێتە ژێر فشاری ئەوانیترەوە. بەو واتایە لە بونی دێموکراسیدا ئازادی پیادە دەکرێت، بەڵام ئازادییەکی پۆزەتیڤ وەک (عیسا بەرلین)** دەڵێت "ئازادی پۆزەتیڤ ئەوەیە یەکێک ببێتە سەرۆکی خۆی". بە گوتەی ئاندرۆ هێیودیش ئازادی ئەوکاتە پۆزەتیڤە و گوزارشتە لە دێموکراسی، کە تاک چارەنوسی خۆی بە ئازادی دیاری بکات. بۆیە خەڵکانێک هەر، کە دێموکراسییان بەرگوێ دەکەوێ، یەکسەر ئازادییان بە خەیاڵدا دێت. دوای ئاماژەدان بەو جیاوازییەی (بێنجامین کۆنستانت)*** کردویەتی لەنێوان دو واتای ئازادیدا، ئازادی لە هزری هزرمەندە سیاسییەکانی پێشودا بەواتای بەشدارییەکی بەکۆمەڵ لە ژیانی سیاسی؛ ئازادی بە مانا مۆدێرنەکەی بەواتای سەربەخۆیی لە حکومەت و پەیوەستبون بەوانیترەوە، هێیود ڕاشکاوانە دەڵێت ئازادی چەمکێکی هاودژە؛ لێرەدا ئەو کەڵک لەو بۆچونەی (عیسا بەرلین) وەردەگرێت، کە پێی وایە ئازادی چەمکێکی هەم پۆزەتیڤ هەم نێگەتیڤە. (هێیود، 2027: 411-422).

لە هەندێ شوێن ماف و ئازادی زیاتر بە بواری سیاسییەوە پەیوەست دەکرێت؛ بەتایبەت ئەنجامدان و مافی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنێکی ئازادنە و دور لە ترس و دڵەڕاوکێ، کە ئەنجامەکەی ڕەنگدانەوەی خواستی هاووڵاتیان بێت. لەو بارەیەوە و بە بۆچونی ئاندرو هێیود، هەڵبژاردن میکانیزمێکی دێموکراسییە بۆ پڕکردنەوەی نوسینگە گشتییەکان بەپێی خواستە میللییەکان. هەر فۆڕمێکی هەڵبژاردن و دەنگدان وەک بنەمای نوێنەرایەتیکردن، لەخۆگری گیروگرفتە؛ تەنها ئەو کاتە نەبێ، کە ئەنجامەکان لە کاری حکومەتداریدا، گوزارشت لە دەسەڵاتێکی میللی بکات. هەروەها ببێتە هۆی دەستەبەرکردنی ئینتیدابێک بۆ کاندید یا حزبی براوە. (هێیود، 2007: 282 - 283). لەبارەی دێموکراسی بەواتای ئازادی، بۆچونی بەشێک لە لێتوێژراوان بەو جۆرە بو:

*دێموکراسی واتا دەسەڵاتی خەڵک و بتوانن بەبێ چاولێسورکردنەوە و بەبێ ترس و بەشێوەیەکی نهێنی و بەبێ ئەوەی، کە دەسکاری نەتائیجی ئینتیخابات بکرێ بتوانن مەسئولیی خۆیان هەڵبژێرن؛ لە هەمان کاتدا بتوانن لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکەن و بیانهێننە بەر دادگا لەسەرۆکی حکومەت و وڵاتەوە بۆ بچوکترین هاووڵاتی. (بەشداربوی دوەم، هەولێر)*

*دێموکراسی د لوبا خودا یەک ئازادییە، ئازادیێت تاکەکەسی ئازادیێت هەڵبژاردنان ئازادیێت ئاینی و ئازادیێ ت ڕادەربڕینێ و هەتا دوماهیکێ؛ دو بەشدارییا تاکی د حکومرانیێدا لسەر ئەساسەکی ساخلەم. (بەشداربوی هەشتەم، دهۆک)*

*ئەڤە ئازادیە و دیموقراتی نینە هەگە تو ئازادی نەبی. بەس ئەویٚ کو بۆ هەی بڕیارا بدەت، دبی کەسەکی هشیار بیت، پێدڤییە زانیاری هەبیتن. من هزر دکەم دیموکراسی ئەکسەریەت نینە؛ چونکی ئەویٚ هشیار و خودان تەجروبە و نوخبە نەبیتن، قەرارێن خەلەت ددات. (بەشداربوی دوانزەهەم، دهۆک)*

*دێموکراسی واتا ئازادی و ئەو مافەی، کە من هەمە داوای بکەم و بەدەستی بێنم وەک ئازادی ڕادەربڕین لەڕوی سیاسی و ئاینی کۆمەڵایەتی و پۆشینی جلوبەرگ و دەنگدان و هەلی یەکسان بۆ گەیشتن بە هەر پێگەیەک. (بەشداربوی شانزەهەم، سلێمانی، ڕانیە)*

بەو واتایە بێت، یەکێک لە پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانێکی ئازاد، دێموکراسییە؛ بەهۆی ئازادیشەوە، مرۆڤ بتوانێت هەست بە یەکسانی و دادپەروەری بکات تەنها لە بواری سیاسی نا، بەڵکو لەبواری کۆمەڵایەتیش. وەک لە خوارەوە خراوەڕو، هەندێک لە لێتوێژراوان کاتێک لە بارەی دێموکراسییەوە دەدوان، جەختیان لەسەر ئازادی و دێموکراسی وەک ماف دەکردەوە؛ دێموکراسیان بە هەستکردن بە دڵنیایی و دەستەبەربونی ژیانکردنێکی ئارامەوە پەیوەست دەکرد؛ ئەمەش کاتێک مرۆڤ لە سایەی پابەندبون بە یاساکان و جێبەجێکردنیان لە دادگاکان، ماف و ئازادییان زامن کرابن و، ڕێزیش لە جیاوازی بیروڕایان گیرابێت. لەوبارەیەوە هەندێکیان دەیانگوت:

*دیموکراسییەت واتا بەبیٚ ترس ژیانکردن و هەبونی مافێکی ئازاد، جێبەجێکردنی یاسا وەکو خۆی لە دادگاکان. (بەشداربوی سێیەم، هەولێر، ئیدارەی سۆران).*

*دیموکراسی فۆرمێکی حکومڕانییە، کە ئازادی و مافەکان ڕێکەخا. (بەشداربوی چوارەم، هەولێر، ئیدارەی سۆران)*

*هەر هاوڵاتییەک هەستی کرد ژیان ئازادو ئاسانتر فەراهەمتر بو، ئەوا دێموکراسی هەیە.(بەشداربوی حەوتەم، هەولێر)*

*دیموکراسی ژ لایێ من ڤەوە واتا ماف و ئەز ساحێبیٚ قەرارێت خو بم ژ هەمی ڕوخیٚ ژیانیٚ ڤە ب سنورداری. مەسەلەن بۆ من نینە ب ڕوتی لە جهیٚ گشتی بهێم و بچم؛ ئەڤە تەجاوزیٚ حقوقیٚ خەلکیترە. (بەشداربوی یانزەهەم، دهۆک)*

*دێموکراسی ئەوەیە ڕێزم بگیرێت، کە کۆمەڵێک مافم هەیە. (بەشداربوی شانزەهەم، سلێمانی، ڕانیە)*

نکۆڵی ناکرێت لەوەی، تاک بۆی هەیە پیادەی ماف و ئازادییەکانی بکات لە سنوری سیستمی هێما کولتورییەکاندا، بەڵام بێڕێزیکردن بەرامبەر بە بیروڕاو پیرۆزییەکانی خەڵکیتر و، سروشتی مرۆڤایەتی بە ناوی دێموکراسی و ئازادییەوە، شتێکی ئاسایی نییە؛ هەتاوەکو ئەگەر ماف و ئازادییەکان، بە یاساش ڕێک بخرێن وەک ئەوەی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا کراوە. کەواتە، دەبیٚ ڕەچاوی تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییە جێگیربوەکان بکرێت و، نابیٚ ئازادی بەجۆرێک ڕێگەی پیٚ بدریٚ، کە لەگەڵ سروشتی مرۆڤ و، واقعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا و، دابونەریت و بەها و ئادابی گشتی ناکۆک بێت. بەجۆرو ئاستێکیش سنوردار نەکرێت، هەندیٚ ماف و ئازادی بنەڕەتی لە مرۆڤەکان زەوت بکرێت. بە سنوردارکردنی ئازادی، ڕەنگە پیادەکردنی ڕەفتارە نامۆکان سنوردار بکرێن؛ هەرچەندە پیادەکردنی ئەتواری نامۆ، مەرج نییە زۆر پەیوەندییان بە دێموکراسی و فەراهەمکردنی ئازادییە هەبێت، لەبەرئەوەی ئازادی هەبێت یا نا، کەسانێک هەن حەزیان لە ئەتواری نامۆیە و، ئاسان نییە و نەتوانراوە بە ڕەهایی ڕێیان لیٚ بگیرێت. هەرچەندە بەشێکی زۆر لە لێتوێژراوان لە پێناسەکردنی دێموکراسیدا زۆر جەختیان لەسەر ماف و ئازادی کردۆتەوە، بەڵام ئاخۆ چ جۆرە ماف و ئازادییەک لەڕوانگەی ئەوانەوە دەتوانێت گوزارشت لە دێموکراسی بکات! ئایا دەکرێت هەرچی مرۆڤ بیخوازێت بەناوی ماف و ئازادییەوە ئەنجامی بدات! پیادەکردنیشیان هیچ سنورێکیان نەبێت. لەو بارەیەوە بەشێک لە بەشداربوان دەیانگوت:

*تەواو ئازادی بونی نییە و ناکرێت هەرچی شتێک، کە مادام ئازادییەکانی تاکە کەس سنوردار دەکات تۆ دەبێ لایبدەیت. ئەوان وایان کرد و لە ئەوروپا ئەوە بوا نەوەڵلا من ئەوەم پێ دیموکراسی نییە، کە هیچ سنورێک لەبەردەم ئازادی تۆدا نەبێت و هەرچی چێژە دەبێ تامی بکەیت و، هەرچی شتێک خۆشە تۆ دەبێ هەتبێ (بەشداربوی دوەم، هەولێر)*

*من باوەڕم بە ئازادییەک هەیە، کە هەندیک سەبوابتی کۆمەڵایەتیمان هەیە بەڕاستی ئەوەی، کە لەگەڵ سروشتی مرۆڤ و واقعی مرۆڤ و واقعی کۆمەڵگای ئێمە ئەگونجێ. (بەشداربوی چوارەم، هەولێر- ئیدارەی سۆران)*

*ئازادی دەبی سنوردار بی و، سەرۆکی خێزان دەسەڵاتی تەواوی بەسەر خێزان و کارو بڕیارەکانی منداڵەکانیاندا بشکێ لەڕێ لێک تێگەیشتنەوە. من ئەگەر بمەوێ لەگەڵ کوڕێکدا هاسەرگیری بکەم و بە دڵم بیت، بەس ئەگەر خێزانەکەم ڕایان لێ نەبی، ئامادە نیم لەگەڵیدا بچمە مەحکەمە و، هاوسەرگیری لەگەڵدا بکەم. (بەشداربوی پێنجەم، هەولێر)*

*من پێموایە دیموکراسی ئەوەیە احتیفاز بکرێت بە کەلتور، بەڵام ئەوە نا کە بۆ نمونە باوکەکە نەیەویست کچەکەی بچێتە قوتابخانە و دەری ئەکردو لەماڵەوە دایەنا ئەوە نا. ئاساییە کچەکەی بچێتە بەر خوێندن و دەوام خۆی بکات وە ئیشتی خۆی بکات بەردەوام بێ. (بەشداربوی شەشەم، هەولێر)*

*ئەڤ بەرەڵلاییا ل هندەک جهێان هەی، چ علاقەت ب ئازادی و دیموکراسیێڤە نینە؛ دیاردەێن غەریب وەکی هۆمۆو تا دوماهیکێ ئەڤە دەرجونن ژ دیموکراسیێ. ئازدیش ئێک ژ ستونێن دیموکراسیێیە و دبیت بهێتە یا چارچێڤەکری و یاساش بو هەبن و نەبیتە بەرەڵلایی و فعلا ل هندەک جێهـ و ولاتان فەوزایەکا جڤاکی چێ بویە. (بەشداربوی هەشتەم، دهۆک)*

*ئەز بخۆ دگەل هندێ دام ئازادییا تاکەکەسی هەبیت، چونکی ئەوی حەز ژ شتێ غەریب دکەت هەر دکەت ئازاد بیت یا نا؛ ئەڤ حالەتێن شازن و بەشەک نینە ژ دموقراتیەتێ. ئەو حالەتێن غەریب دافعا فەسادە ئانکو تەخریبە. ئازادی د دموقراتیەتێدا موحەدەدکرییە. (بەشداربوی دوانزەهەم، دهۆک)*

*ئینسان ئەوەندە ئازاد بی، دەسەڵاتی بەسەر هەمو شتی خۆیدا هەبی؛ نەک بە سەر شتی ئەوانیتر. هەندەک ئاداب و پرەنسیپی گشتی هەیە، ناکرێ لێی لا بدەی. (بەشداربوی سێزدەهەم، دهۆک، ئاکرێ)*

*ل مابەینا دیموکراسی و ئەو چ شتێن غەریب ئێن وەکی هۆمۆسێکسواڵ پەردەیەک هەی و ئان کو تە ئەو پەردە دەزباز بو، دبیتە فەوزا و ئەڤە نە دیموکراسینە. (بەشداربوی یانزەهەم، دهۆک)*

*ئازادی خۆی سنورداره و ئازادی بێ سنور ئازادی نییە ئەوە شتێکیترە، کە من پێموابێ هەر چییەکم بوێ بیکەم و گوێ نەدەیتە هەست و مەشاعیرەکانی کەسێکیتر ئەوە ئازادی نییە. (بەشداربوی هەژدەهەم)*

*لە جەزیرەیەکا نیم بە تەنها کە ئازادییەکی ڕەها مومارەسە بکەم. مومارەسەکردنی ئازادی دەبێ لەتەک ڕەچاوکردنی کۆمەڵێک قیەم و ئادابی گشتیدا بێت. (بەشداربوی نۆزدەهەم، سلێمانی، گەرمیان)*

لە وێنای بەشێک لە بەشداربواندا دێموکراسی، دادپەروەری و یەکسانییە، کە ئامازەی هەستکردنی مرۆڤن بە بونی ماف و ئازادییەکان؛ بەتایبەت لە کۆمەڵگایەکدا عەقلانییەت بنەمای ڕێکخستن بێت و، دادپەروەریش وەک پرەنسیپێکی گشتی، خزمەت بە چاکەی گشتیدا بکات. بە گوتەی جۆن ڕاوڵز دادپەروەری وەک ئەوەی بە هەقانییەت و بەویژدانەوە بجوڵێیەوە، جۆرێکە لە لیبڕالیزم بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگییەک لەنێوان ئازادی و یەکسانیدا؛ بە واتایەکیتر، کۆڵەگەکانی دادپەروەری دو پرەنسیپن؛ یەکێکیان دەستەبەرکردنی ئازادییە سەرەکییەکان بەشێوەیەکی یەکسان بۆ هەموان؛ ئازادییەک لەگەڵ ئازادی ئەوانیترو سیستمدا ناکۆک نەبێت. دوەمیان، هەلی یەکسان بۆ گەیشتن بە ڕۆڵ و پێگەکان، لەبەردەم هەمواندا کراوە بێت؛ هاوکات جیاوازییە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانیش ئەو کاتە ڕەوایەتیان پێ بدرێت، کە ئەوانەی کەمتریان بەرکەوتوە، لەوانیتر زیاتر سومەند بن. (Rawls, 1999:52-81).

یەکسانیش بە بۆچونی (کیسلاسی، 2017)، پرەنسیپێکی گشتییە بۆ جگە لە داننان بە شکۆمەندی مرۆڤایەتی، وەک یەک مامەڵەش لەگەڵ هەموان بکرێت؛ بێ ئەوەی تاکایەتییان بسڕدرێتەوە. هاوکات پێی وایە دێموکراسی یەکسانی لە مافدا دەسەپێنێت لە چەند فۆرمێکی وەک یەکسانی مەدەنی و یاسایی؛ بەواتای هەموان لەڕوی ئەرک و مافەوە لەبەردەم یاسادا یەکسان بن؛ یەکسانی سیاسی، کە هەمو هاووڵاتییەک بەپێی توانا بۆی هەبێت بگاتە هەمو پلە و پایە و ناوەند و بەڕێوەبردنی پۆستە گشتییەکان؛ یەکسانی لەڕوی ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە، واتا لە دابەشکردنی داهات و بژێوی و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، ڕەچاوی لێهاتویی و کارکردن و شایستەیی هەر تاکێک بکرێت.

بەپێی ئەزمونی ژیان، ئاسایی نییە تاکەکان لە هەمو ڕویەکەوە یەکسان بن؛ ئەگەر ڕەچاوی دادپەروەری نەکرێت، ژیان ئاسایی بەڕێوە ناچێت و، ڕەنگە زیانیشی بۆ کۆمەڵگا هەبێت، بەوپێیەی کاروبارەکان وەک پێویست هەڵناسوڕێن؛ پێداویستی و خزمەتگوزارییەکانیش لاسەنگ دەبن. بۆ نمونە لە ڕاپەڕاندنی کاروبارە گشتی و سیاسییەکان و، ڕۆڵ و پێگە و ئەرک و مافی هەردو ڕەگەزی نێرو مێ دا، کە هەریەکەیان سروشت و تایبەتمەندی جیاوازیان هەیە. لەو بارەیەوە و سەبارەت بە دێموکراسی بە واتای دادپەروەری و یەکسانی، ڕای هەندێک لە بەشداربوانی توێژینەوەکە بەو جۆرە بو:

*دەبێ عەدالەت هەبێ، کە یەکسانیشی تێدایە لەڕوی دەرفەت لە پرۆسەکان و دابەشکردنی سەرچاوە بنەڕەتییە ئەساسییەکانی ژیان، بەڵام ئەوەی پێویستی پێیە، زیاتری پێ بدرێ؛ بەڵام لە هەندێ ڕووەوە تۆ ناتوانی کۆمەڵگا یەکسان کەیت، لەبەرئەوەی کۆمەڵگا دەوەستێ و ئیسلامیش لەگەڵ ئەوەدا نییە، لەبەرئەوەی ئەگەر هەمومان ئاغا بوین ئەدی کێ بەرەکە ڕاخات. ژنیش وەکو پیاو زۆربەی شتەکان دەتوانێ، بەڵام ئەتۆ ژنی بکەیە پیاو و پیاوی بکەیە ژن و ئەو هاوڕەگەزخوازیی و نازانم چی و ئەوەی، کە دروستیان کردوە بەڕاستی ئەوە سەرلێشێواندنە و دەرهاویشتەی کۆمەڵگا ئەوروپیی و غەربییەکانە بەداخەوە. (بەشداربوی دوەم، هەولێر)*

*من باوەڕم بە یەکسانی نێوان خۆم و خۆشت نییە وەک دو مرۆڤ تێگەی؛ من پێموایە ئەکرێ تۆ لە زۆر بواردا لە من بە تواناتر بی وایە؟ هەر سروشت بۆ خۆی شتێکی یەکسان نییە. (بەشداربوی چوارەم، هەولێر، ئیدارەی سۆران)*

*باوەڕم بەوە هەیە لە هەندەک شتدا یەکسانم لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر و لەهەندەک شت نا. لۆ نمونە سبەی ڕۆژێ ئەمن دەتوانم منداڵی دروست کەم و منداڵ پەروەردە بکەم، پیاو ئەو شتەی نییە. هەمو شتەک خودای گەورە داینایە و بەجوانترین شێوەش داینایە. یەکسانی ڕەها لەگەڵ پیاودا دیموکراسی نییە. (بەشداربوی پێنجەم، هەولێر)*

*ب هیچ ڕەنگەکی نە ژن دشێت ڕۆلێ زەلامی بگێڕیت؛ نە زەلامیش دشێت ڕۆلێ ژنی بگێڕیت؛ ژن دشێتن ترومبێلێ بهاژۆ؛ بەس ئەکیدا وەکی زەلامی نەهاژێت. ژن دشێت ڕێڤەبەر بیت و دەرڤەی مال کار بکەت و، وەلێدێتن ژن ڕۆلێ زەلامی بگێڕیت و زەڵام ڕۆلێ ژنێ بگێڕیت. ئەبەد ئێکسانی ما بەینا ژن و مێران دا نینە. (بەشداربوی هەشتەم، دهۆک)*

*هەگە وەکی مەفهموکی دینی خودای بەرێ خو بدەمێ ئێکسانی دناڤ بەرا مرۆڤان ساناهی نینە، بەس وەکی مەفهومەکی ئینسانی دشێت دەلیڤێت ئێکسانی دناڤ بەرا مرۆڤان هەبیت ژ لایێ کارکردنێ ڤە دناڤ بەرا ژن و زەلاماندا و جوداهیا بایۆلۆجی نابیتە ئەگەر ژ بو مومارەسەکرنا دیموکراسیەتێ. ئەزمون هەی و ژنەک سەرۆکی سەنغافورەیە یا سەرکەفییە. ژن و زەلام دشێت د هەمی تشتان دا ئێکسان بن بەس ب ئیتیفاق. (بەشداربوی دەیەم، دهۆک)*

*ئەز زێتر دگەل عەدالەتێ دامە. مامۆستایەک کو ژن بیتن بەجێهـ نینە ببیتە ڕێڤەبەرێ مەدرەسەکا مەسائێ ێت کوڕکان؛ ڕەنگبی تەشقەلەی پێ بکەن. هەنەک مەنسەبێ سیاسیش هەن کو ژنک نەکارن وەکی زەلامی برێڤە ببەن. زەڵامیش نکارن هەمی ئەو شولێن ژنک دکەن ئەنجام بدەن وەکی ژ دایکبون و پەروەردەکرنا زارۆکان؛ ئەم بایۆلۆجیا ژ ئێکدی جوداین. (بەشداربوی دوانزەهەم، دهۆک)*

*وەک ڕواڵەتی دیموکراسی عەدالەت یەکەمین تایبەتمەندییەکە، کە تۆ بتوانی دیموکراسییەتی پێ دیاری بکەیت لە کاتێکا، کە تۆ حوکم و دەسەڵاتێکی عادیل و عاقڵت هەبێ. (بەشداربوی نۆزدەهەم، سلێمانی، گەرمیان)*

### 2.3. دێموکراسی، باشترین سیستمی سیاسی و فۆڕمی حکومڕانییە:

دێموکراسی بەواتای حکومڕانی گەل لەلایەن خۆیەوە، باشترین میکانیزمی بەشداری پێکردنی زۆرینەی هاووڵاتیە لە دەسەڵاتدا لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە. بەو واتایە و وەک (الشرقاوي، 2007) پێیوایە، ڕاستە ئازادی و یەکسانی دو لە کۆڵەگە سەرەکییەکانی دێموکراسین، بەڵام سیستەمە دێموکراسی لیبڕالەکان، ئازادیان پێ لەپێشترە لە یەکسانی؛ سۆسیالیزم دێموکراسییەکانیش یەکسانیان پێ لە ئازادی لەپێشترە. ئەم کۆڵەگانە فۆڕمی جیاوازی دیمۆکراسیان بەرهەمهێناوە؛ بەوپێیەی بەرجەستەبونیان بەیەکەوە لەیەک کاتدا زەحمەتە، لەبەرئەوەی پیادەکردنی ئازادی دەبێتە هۆی دروستکردنی جۆرێک لە نایەکسانی؛ وەک چۆن پیادەکردنی یەکسانیش دەبێتە هۆی دانانی چەندین کۆتوبەند بۆ ئازادی. کەواتە بەپێی جۆری سیستم، لەنێوان ئازادی و یەکسانیدا، یەکێکیان دەبێ زیاتر بەهەند وەربگیرێت.

بە گوتەی (تورین، 2000) دێموکراسی وەک سیستم، هەر هاوبەشی و ڕێککەوتن نییە، بەڵکو ڕێزگرتنە لە ئازادییەکان و فرەیی. دێموکراسی هەر کۆمەڵێک زەمانەتی یاسایی و سەروەری زۆرینە نییە، بەڵکو ڕێزگرتنە لە خواستەکانی تاک و گروپ لە یەک کاتدا بەجۆرێک، کە ئازادییە کەسی و گروپییەکان، لە ڕوی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و ئاینییەوە، پێک ناکۆک نەبن؛ ئەمە هەر بە بونی یاساکان زامن نابێ، بەڵکو پێویستی بە کولتورێکی سیاسی تایبەت هەیە، کە جەخت لەسەر یەکسانی بکاتەوە. دێموکراسی ڕاستەقینە ئەو کاتە بەرجەستە دەبێت، کە لە پانتاییەکی سیاسیدا بتوانێ هاووڵاتیان لە دێوەزمەی دەوڵەت بپارێزێت؛ ئەمەش دوای دیاریکردنی سنورێک لەنێوان دەوڵەت و ژیانی تایبەت یا مەدەنیدا. لەو بارەیەوە بەشێک لە لێتوێژراوان، کە دێموکراسییان پێ باشترین سیستمی سیاسی و فۆڕمی حکومڕانی بو، دەیانگوت:

*باشترین میکانیزمە لەڕوی سیاسی و موئەسەساتییەوە، کار بە دیموکراسی بکرێت، لەبەرئەوەی دیموکراسی هەر ئەوە نییە تەنها هاووڵاتی بەشداری دەکات لە دامەزراندنی دەسەڵات، بەڵکو بتوانێ لێپرسینەوەشی لەگەڵ بکات؛ دەبێ سەروەری دام دەزگایشی هەبێت، چونکە کە تۆ دەڵێی دیموکراسی، واتا دەسەڵاتی خەڵک، کە دەڵێی دەوڵەت واتا دەسەڵاتی سیاسی. دەسەڵاتی یاسا سەروەرە و، هاوسەنگی لەنێوان خەڵک و دەسەڵاتدا دەپارێزێت و، سەروەری دامەزراوەکان مسۆگەر دەکا. (بەشداربوی دوەم، هەولێر)*

*دیموکراسی لە یەک کاتدا دەکرێ سیستەم و پرۆسەیەکی حکومڕانی بێت. دەبێ وەکو سیستەمێک تەماشای کەین، کە تیایدا بۆ نمونە بتوانی نوێنەری خۆی هەڵبژێری. مافە مەدەنی و یاسایی وکەلتورییەکانت هەبی. کۆمەڵگایەکی دیموکراسی مەدەنیم بەلاوە گرنگە کە دەستورێکی مەدەنی هەبی، کە هیچ ئاین و ئایدیۆلۆژیایەک سەروەر نەبێ لەسەر ئەویتر؛ ئێ یاسا لەڕوی سیاسییەوە لەسەروی هەمو شتێکەوە بێت (بەشداربوی چوارەم، هەولێر، ئیدارەی سۆران)*

*لەگەڵ شێوازێکی حکومڕانی یاسایی و ڕەچاوکردنی شەریعەت و هەڵبژاردن دام، لەبەرئەوەی مانەوەی کەسێک زۆر لە دەسەڵات و غروری دەسەڵات دەیکاتە کەسێکی دیکتاتۆر. (بەشداربوی شەشەم، هەولێر)*

*ل سیستەمێت مەلەکی بگرە ل سیستەمێت عەسکەری بگرە و دکتاتۆری و پێدا هەرە هەتا دوماهیکێ، سیستەمێ دیموقراتی باشترین سیستەمە هەتا نوکە کو عەقلێ مرۆڤایەتیێ شهینای شیای دابهینیت. وەک فۆرمەکا حکومڕانیێ دگەل دیموکراسیا لیبرالیدام زێتر. (بەشداربوی هەشتەم، دهۆک)*

*دیموکراسی باشترین سیستەمێکە کە تا ئێستا مرۆڤایەتی پێی گەیشتوە و شتێک نەهاتوە، کە تێی پەڕێنێ. ئەو فۆڕمە حکومڕانییە دیموکراسییە، کە چەند ساڵ جارێ خەڵکی بەوپەڕی ئازادی خۆیانەوە بڕیار لەسەر چەند ساڵ داهاتوی*

*خۆیان لەبواری سیاسییەوە بدەن. ئەبێت عەدالەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانی لە ماف و دەساودەستی ئاشتیانەی دەسەڵات و هەمو ئەو بنەمایانەی، کە دیموکراسی پێ ئەناسرێتەوە هەبن. (بەشداربوی هەژدەهەم، سلێمانی)*

ئەزمون و دەرەنجامی هەڵبژاردن لە هەندێک وڵاتی دێموکراسی لەم ساڵانەی دوایی؛ کاریگەرییەکانی سۆشیالمیدیا و گوتارێکی ڕەخنەیی دور لە ئیتیک؛ بەڕێوەبردنێکی پڕ لە کێماسی، دروستبونی کەشێکی تارادەیەک نائاسایی لە هەرێمی کوردستاندا؛ پێدەچێ ڕەنگدانەوەی نەرێنییان بەسەر تێڕوانینی هاووڵاتیانەوە هەبوبێت بەرادەیەک، کە بترسێن لەوەی نەوەکا پۆپۆلیزم، کە لە وڵاتانی دێموکراسیش وا خەریکە شوێن بە دێموکراسی لەق بکات، ئەنجامەکە بەرەو بێسەروبەریان ببات. لەمبارەیەوە هەندێک لە لێتوێژراوان دەیان گوت:

*ئەز حەز ژ ڤی فۆرمێت حکومراڕنیێ دکەم کو ئەو چشتێن کو باشن بو خەلکی ل حەمی بوارێن ژیانێ بکەت نەک هەر گۆتە گۆت بی یا فەوزایەک چێ ببیت هەر کەس ب کەیفا خو بی و لە چ چشتان نەزڤڕیتەوە و حیسابی بو خەلکی دی نەکات. (بەشداربوی یانزەم، دهۆک)*

*فۆرمی حکومڕانی با دیکتاتۆری و دیموکراسیەکی دیزاینکراو نەبێ، بەڵکو چوار ساڵ جارێک زۆرینە حکومڕانی بکات و سیما دیارەکانی دیموکراسی و لێبوردەیی تیا مەوجود بێ و دیموکراسییەکی خۆماڵییانەمان هەبێ و، پۆپۆلیزم نەیەتە ناو کۆمەڵگاکەی ئێمەوە. (بەشداربوی بیست و سێیەم، هەڵەبجە)*

*ئەز حەز دکەم د چارچیڤەی سیستەمەکا حکومڕانی وەسا دا بژیم هەمی جوداهی تێدا بهێنە قەبیل کرن جا هەر تشتەک بم لە ڕخێ ئایدیۆلوجی ڤە ئیسلامی بم یا عەلمانی بم سۆسیالیزم بم هەر چ بم، ئەز وەکی مرۆڤ بهێمە قەبیل کرن. ئەوێ نوکە هەی، فەوزایەک پۆپۆلیزمییە و، دیموکراسی د ئەوروپا و ڕۆژئاڤا، برەو نیزامەکا تەفاهەت دچیت و، دبیت ئەم جڤاکا خو ل وی فەوزایا جیهانی بپارێزین. (بەشداربوی دەیەم، دهۆک)*

ئەزمونی سیاسی وڵاتان بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا سەلماندی، کە هاوردەکردنی دێموکراسییەکی دیزاینکراو، شکستخواردوە و ئەگەری سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم زیاتر دەکات. کۆدەنگییەکی وەهاش هەبو لای لێتوێژراوان، کە مەرج نییە تەنها مۆدێلێکی حکومڕانی گوزارشت لە دێموکراسی بکات، بەڵکو دەکرێ هەر کۆمەڵگایەک بەپێی سروشت و تایبەمەندییەکانی خۆی، مۆدێلێکی حکومڕانی دێمۆکراس بۆ خۆی بنیات بنێ؛ لەبەرئەوەی دێموکراسی کاڵایەک نییە هاوردە بکرێت. لە پێکهاتەی کولتور و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئاینی و خێڵەکی کوردەواریدا، بای هێندە بەهای کۆمەڵایەتی هەن، کە بتوانین سستەمێکی دێمۆکراس لێبراڵ و سەردەمی پێ دروست بکەین. مەرج نییە بۆ دروستکردنی سیستم و فۆرمێکی حکومڕانی دێموکراسی، دەستبەرداری ڕەسەنایەتی بین. لەمبارەوە یەکێکیان دەیگوت:

*دەکرێ هەر کۆمەڵگایەک بەپێی سروشت و تایبەتمەندی خۆی مۆدێلێکی حکومڕانی و شیوازەژیانێکی هەبێ کەم تا زۆر تەعبیر لە بونی دیموکراسی بکات. لەبەرئەوەی ناتوانین حکومڕانی وڵاتێکی دیکە بێنم لەناو هەرێمی کوردستانا بڵێم وەڵا من کەسێکم لەگەڵ مافی مرۆڤام و کەسێکم مودافیعم لە حقوقی ئینسان. (بەشداربوی نۆزدەهەم، سلێمانی، گەرمیان)*

*ئەم ژی دشێین تشتێن جوان بێ کەلتورێت خو و بێ دیموکراسی و ئاینێ و عەشایری کو جوانن، سیستەمەکا لیبراڵ و سەردەمی گونجای دگەل ئەوان بەهایێ کۆمەڵایەتی و جڤاکی یێت کوردەواری چێ کەین کو تێدا ئازادی هەبیت نە بەرەڵلایی. ئازادیا ئاینی ئەکید د سیستەما دیموکراسیێدا بەرفرترە و جڤاک پتر پێش دکەڤن و مرۆڤ ئازادترە د ڕەئیا خودا و ب دلێ خۆ هەڵبژاردنێت خۆ ئیك لا بکەتن و ببڕیارێت خو چارەنڤیسێ خو دیار بکەتن. (بەشداربوی هەشتەم، دهۆک)*

**3.3. دێموکراسی، تەنها شێوازە ژیانێکی ڕۆژئاوایی نییە:**

شێوازە ژیان، کە لە هەر کۆمەڵگایەکدا فۆڕمی جۆراوجۆری هەن، ڕوە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکەی ژیانە؛ هەر لە هەڵوێست و ڕەفتارەوە بگرە، تا دەگاتە هەمو ئەو بەهایانەی، کە کۆڵەگەی ژیانی تاکەکانن لەنێو کۆمەڵگادا. بە گوتەی (آمانی، 2004)، لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان مرۆڤسالاری، فرەیی، لیبرالیزم، سەرمایەداری، پۆپۆلیزم، سیکۆلاریزم، پوچگەرایی و پۆزەتیڤیزیم، بنەماکانی کولتوری ڕۆژئاوایین؛ ئەمانەش سیماکانی ئەو کولتورەن وەک شێوازە ژیان: سەیرکردنی خێزان وەک ژیانێکی کۆیلایەتی و بێ بەها، بانگەشەکردن بۆ ئازادی سێکسی و، بە قورس تەماشاکردنی پێکهێنانی خێزان، خۆدزینەوە لە خستنەوەی وەچە، جیابونەوە بە ئاسانی، بڵاوبونەوەی کولتوری بەرخۆری و شوێنکەوتنی پێداویستی لاوەکی، مۆدێلخوازی، نەمانی خوانی خێزانی شوێنگرتنەوەی لەلایەن فاست فودەوە، جوانکاری و شێواندنی جەستە، چێژوەرگرتنێکی بێ هاوتا، فەرامۆشکردنی لایەنی ڕۆحی، لاوازبونی بەهاکان، ڕەسەنایەتیی عەقڵ و ئەزمون، هێز و دەسەڵات محەکی حەق بن و، هەستکردن بە سەرکەوتن و باڵادەستی بەسەر گەلانیتردا.

ئەم سیمایانە ڕێژەیین و، سیمای دیکەی ئەرێنی زۆر هەن لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا، هەروەک لێبوردەیی و بەیەکەوەژیانی ئاینی و ئێتنی، پێشکەوتنی زانستی و پەروەردەیی لە قوتابخانە و زانکۆکاندا، دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان، یەکسانی لەبەردەم یاسا و دادگاکاندا، لێپێچینەوە و سزادان لەسەر گەندەڵی و کەمتەرخەمییەکان و ...تاد، کە ئەمانە زیاتر سیمای و تایبەتمەندی سیاسیین. جا لەبەرئەوەی لە زۆربەی کۆمەڵگا ئیسلامییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە هەرێمی کوردستانیشەوە، ئەو تایبەتمەندییە سیاسییانە وەک پێویست بەرجەستە نەبون، بۆیە خوازیاری بۆ بەدێموکراسیبونی سیستم و فۆڕمی حکومڕانی زیاتر بەدی دەکرێت، بەڵام لەڕوی ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و خێزانی، پەیوەندی و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان، چ لەسەر ئاستی تاک، یا ئاستی گروپەکان، سەرسامبونێکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت بە شێوازە ژیان و مۆدێلە ڕۆژئاواییەکەی دێموکراسی؛ دوای ڕەخنەگرتن لە شێوازە ژیان و مۆدێلە دێموکراسییەکەی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان، کە پێیان وایە لەژێر کاریگەرییەکانی سەرمایەداری و سیستمی نوێی جیهانی، ئەو کۆمەڵگایانەیان بەرەو پۆپۆلیزم و سستمێکی پڕ لە پروپوچی بردوە، بەشێک لە بەشداربونی توێژینەوەکە هەیانە ئاینی ئیسلامی پێ باشترین بەرنامەیە بۆ ڕێکخستنی ژیان، بەو پاساوەی تاکگەرایی و هەندێ خو و ڕەفتاری نامۆ، کە بەناوی دێموکراسی و ئازادییەوە پیادە دەکرێن، لێکەوتەی نەرێنیان بەسەر خێزان لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان هەبوە. هەشیانە خوازیاری مۆدێلی دێموکراسی چەند وڵاتێکی ئاسیای ڕۆژهەڵاتە، کە توانیویانە دێموکراسی تاڕادەیەکی باش، لەگەڵ سروشتی کۆمەڵگا و ڕەسەنایەتی و کولتوریاندا بگونجێنن؛ ئیدیکەشیان ڕازین لەو شێوازە ژیانەی لە هەرێمی کورستان هەیە و، خوازیارن دەستی پێوە بگیرێت. لەم بارەیەوە دەیانگوت:

*باشترین پرۆگرام و بەرنامە بۆ ڕێکخستن و مانەوەی ئینسان وەکو ئەوەی، کە بۆ ئەوەی نامۆ نەبێ و جۆرێک بەرەڵایی، دورکەوتنەوە لە کۆمەڵگا و خێزان، بەڕاستی دەبێ پابەندیەکی تەواومان هەبێت بە ئیسلام. کەواتە وەکو فۆڕمی حکومڕانی لەگەڵ دیموکراسی دام؛ وەکو شێوازە ژیانیش لەگەڵ ئیسلام دام. (بەشداربوی دوەم، هەولێر)*

*خۆی دیموکراسی ئەوە نییە خۆت ڕوت کەیتەوە هەر چیەکت بوێ لەسەر جادە خەڵک بیبینێت. دیموکراسی بە فۆڕمە ڕۆژئاواییەکەی، شتێک نییە بگونجێت لەگەڵ کۆمەڵگای ئێمەدا و، تەمەنا ناکەم ڕۆژێک کۆمەڵگاکەم بگاتە بارودۆخێکی وەک ئەوان. (بەشداربوی شەشەم، هەولێر)*

*تۆ دێیەوە ماڵێ حەز دەکەی خێزانەکەت لەماڵێ بێ و کەمێک دەردە دڵی خۆتی لە کن بکەی، کەچی وا دەکەی لە ماڵێ نییە وا لە کافییەک دانیشتوە؛ چۆن دەبێ پیاوەکەش بە نیوە شەوێ بە سەرخۆشی بێتەوە و خۆی بە ژورێدا بکات!*

*منداڵ لای پۆلیس شکات لە باوکی بکات، پۆلیسیش بێتە ماڵێ ئیجرائاتت لەگەڵ بکات؛ یان خێزان لە دەرەوەی هاوسەرگیری دروست بێ؛ ئەوە کەی دیموکراسیە. (بەشداربوی شانزەهەم، سلێمانی، ڕانیە)*

*لە کۆمەڵگا ئەوروپییەکان دەبینین خێزان لە چ بارودۆخێکدایە و، ئازادی بیرورِاو تاگەرایی، لەروی کۆمەڵایەتییەوە، توشی چ بارودۆخێکی کردون. مەسەلەن هیبزییەکان و ئیمۆ تا دەگەیە هاورەگەزخوازی؛ ئەمانە نامۆن. (بەشداربوی حەوتەم، هەولێر، ئیدارەی سۆران)*

*هندەک ئەو مۆدێلێت هەی، ئان کو تێدا گەنجەک ب کەیفا خو بێ حیساب کرن بۆ دای و بابێ خو، هەر تشت بڤێت بکەت، ئەڤە بەرەڵلاییە و، تەئسیراتێ گلۆبالیزەیشنە و، فەوزایە د مەسلەحەتێ سەرمایەدارێ دا. ئەو نەمتەی ژیانێ کو ل کوردستانێ هەی، نمونەکا مەزنە و ئەز حەز ژێ دکەم و، ژ چ جها نینە. (بەشداربوی دەیەم، دهۆک، شێخان)*

*خێزانەکا مالیزی یا سەنغافورە یان یابانی، کو سەرەرای پێشکەفتنێ و دیموکراسیێ، بەس کەلتورێ خو پاراستییە. ئەم ژی دشێین تشتێن جوان ژێ کەلتورێت خو و ژێ دیموکراسی و ئاینێ و عەشایری، سیستەمەکا مۆدرن لیبراڵ و گونجای چێ کەین کو تێدا ئازادی هەبیت نە بەرەڵلایی. ئەز حەز ناکەم شێوازێ ژیانا مە وەکی ولاتێن ئەوروپی لێ بهێت و ئان کو کچا من بۆی فرێند هەبیتن و بهینیتە مالێ. (بەشداربوی هەشتەم، دهۆک).*

*ئەز حەز ناکەم ژ وەلاتەکی ئەوروپیدا بژیم، چونکی تێکەلی نینە و هەر کەس بو خو دژیت. ئەز حەز ژ تێکەلیا کۆمەلایەتی دکەم. ئەز دگەل هندێ دامە ئان کو د دەرکەفتنێ و بەرکرنا جلوبەرگادا، رێز ل دابونەریتێ جڤاکی بهێتە گرتن و، ئەز دگەل چشتێ شاز دا نیمە. (بەشداربوی نۆیەم، دهۆک)*

*لەوە زۆر دەترسم بارودۆخ و ژیانی ئێمەش لەروی کولتوری و جل و بەرگ و خواردنەوە وەکو ئەوروپا و رۆژئاوای لێ بێ. من قەت لەگەڵ ئەو فۆرمەی خێزاندا نیم، کە منداڵ حیساب بۆ باوکی نەکا و چی پێ خۆشبێ ئەوەی بکا؛ یان ژن بڵێ یەکسانم لەگەڵ پیاوەکەم. (بەشداربوی پانزەهەم، سلێمانی، قەڵادزێ)*

### 4.3. دێموکراسی یۆتۆپیایە.

بە تێگەیشتنی (میل)، یۆتۆپیا بیرۆکەی خەیاڵین و، ئاسان جێبەجێ نابن، لەبەرئەوەی ناواقعین؛ ئەو سیاسەتانەی حکومەتیش، کە ئاسان ناچنە بواری جێبەجێکردنەوە، لەبەرئەوەیە زۆر خراپن. کەواتە، هەر شت یا کارێک، کە ئەگەری ئەنجامدانی ئاسان نەبێت، لەبەر دو هۆکارە: یا بیرۆکەکە زۆر خەیاڵی و ناواقعییە؛ یا بیرۆکەکە زۆر خراپە و خەڵکی قبوڵیان نییە. (Mill, 2006: 290). هەروەها بە گوتەی (Friedman, 2012)، هەرچەندە لەنێو کۆی سیستمەکانی دێموکراسیدا، لیبراڵیزمی کۆمەڵایەتی، کە دەگوترێت باشترین سیستمە تا ئێستا مرۆڤایەتی پێی گەیشتبێت، بەڵام ڕوبەڕوی کێشەی زۆر بۆتەوە. مۆدێلەکانی دێموکراسی بە لیبراڵیزمیشەوە، وا خۆیان نیشان دەدەن، توانیویانە ئازادی و دادگەری دەستەبەر بکەن، بەڵام لە ڕاستیدا، هەوڵی پەنادانی چەندین کێشەی زۆر گەورەیان داوە. هێشتا جیاوازییەکی زۆر لەروی دەسەڵات و جیاوکەکان، لەنێوان خەڵکیدا بەردەوامی هەیە.

سەبارەت بەوەش، کە دێموکراسی و سەرمایەداری وەک دو سیستمی هاوتەریب وێنا دەکرێن، (Almond, 1991) چەندین تێهزرینی جیاوازی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان دێموکراسی و سەرمایەداری تاوتوێ کردوە، کە هەندێکیان داکۆکی دەکەن لەوەی، سەرمایەداری و دێموکراسی پاڵپشتی یەکترین؛ هەندێکیش ڕای پێچەوانەیان هەیە و بەشێکیان پێیانوایە سەرمایەداری دێموکراسی شێواندوە؛ بەشەکەیتریان بەپێچەوانەوە بیردەکەنەوە و جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی دێموکراسی وایکردو سەرمایەداری بێ سەروبەر بێت؛ ڕای ئالمۆند خۆشی وایە دێموکراسی و سەرمایەداری، سەرباری ئەوەی دو سروشتی پێک ناکۆکیان هەیە، بەڵام سیاسەت و دامەزراوەکان، دۆخێکیان بۆ سازاندون، کە دەتوانن

هەماهەنگ و تەواوکەری یەکتری بن، کەچی بەڕای (Min, 2024) پەیوەندی نێوان دێموکراسی و سەرمایەداری، لەچوارچێوەی سیستمی سەرمایەداری جیهاندا دیاری دەکرێت نەک لەلایەن ئیرادەی دەوڵەتەوە. جا بۆ ئەو دەوڵەتانەی لەو سیستمە سودمەندن، دێموکراسی و سەرمایەداری پاڵپشت و تەواوکەری یەکترین؛ کەچی ئەو دەوڵەتانەی زۆریان لە دەست ئەم سیستمە چەشتوە، دێموکراسی و سەرمایەداری پێک ناکۆکن. دەشڵێت وەرچەرخانی دێموکراسی، مەرج نییە لە خودی سەرمایەدارییەوە سەرچاوە بگرێت، بەڵکو دەشێ بەرهەمی خەباتی ئەو بزوتنەوە سیاسیانە بێت، کە دژ بە قۆزتنەوە و قۆرخکاری سەرمایەداری دەوەستنەوە. لە توێژینەوەیەکیشدا بە ناونیشانی ئایا سەرمایەداری هەماهەنگە لەگەڵ دێموکراسیدا، (Merkel, 2014) پێیوایە سەرمایەداری و دێموکراسی، دو لۆژیکی جیاوازن؛ لە سەرمایەدارییدا، نایەکسانی لە مافی خاوەندارێتیدا هەیەو، بارزگانی دەبێ قازانج ویست بێ و، بڕیارەکان قوچەکییانە لەلایەن بەڕێوەبەر و خاوەن سامانەکانەوە دەدرێن، کەچی لە دێموکراسیدا بانگەشە بۆ یەکسانی لەڕوی مافە مەدەنی و سیاسییەکان دەکرێت و، ئامانج پاراستنی بەرژەوەندی گشتییەو، بڕیارەکان بە زۆرینە لەچوارچێوەی سیاسەتێکی دیمۆکراسیخواز دەدرێن". بەو واتایە، نە سەرمایەداری دێموکراسییەو، نە دێموکراسیش سەرمایەداری. زاڵبونی ڕێچکەیەکی دارایی بەسەر سەرمایەداریدا، جیاوازیی ئابوری و کۆمەڵایەتی لەنێوان خەڵکیدا زۆر بەرەو سەر برد؛ بەوهۆیەوە جیاوازیشیان لەڕوی سیاسیەوە، زیادیکرد و، بەشداری سیاسیش لە کۆمەڵگا پێشکەوتوەکان، پاشەکشێی کرد؛ سەرەنجام، نوێنەراتیکردن لە پەرلەمان و حکومەتدا، وەک جاران بەهایان نەما. ئیدی حکومەتە دێموکراسییەکان بەدەست بازاڕی ئازادی جیهانگیرییەوە، گیرۆدە بونە؛ ئەگەر بە چاکسازیی ئابوری و سیاسی، نەتوانن بەرەنگاری ئەمە ببنەوە، ئیدی هێواش هێواش دەگۆڕێن بۆ حوکمی کەمینە (ئۆلیگارشی)، کە تاکە سەرچاوەی شەرعییەتیان، ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی گشتییە؛ ئەمە بەهەمی باڵادەستی سیستمی نیۆلیبڕالیزمی جیهانییە.

شتێکی نامۆ نییە، کە لە هەرێمی کوردستانیش کەسانێک هەبن، دێموکراسیان پێ شتێکی نامۆ بێت بە سروشتی کۆمەڵگا ئیسلامییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؛ وەهاش بیر بکەنەوە، کە باسیکردن لە دێموکراسی بەناوی مافی مرۆڤ و ئازادی بیروڕاو ...تاد، شتێکی ناواقعییە و تەنها بۆ فریودانە؛ دێموکراسی، ئامرازێکە بۆ تێکدانی بنیادی کۆمەڵایەتی و گۆڕینی بەهاو دابونەریتی کۆمەڵگاکانی ئەم ناوچەیە بەجۆرێک، کە خزمەت بە بەرژەوەندی سەرمایەداری و سیاسی و وڵاتانی ڕۆژئاوا بکات. لەم بارەیەوە بەشێک لە لێتوێژراوان دەیانگوت:

*دیموکراسی ئامرازێکە بەدەست جیهانگیری و وڵاتانەوە بۆ شوشتنەوەی مێشکی خەڵکی و فەسادی و یاریەکە و خەڵکیێ هەڵدەخەلەتێنن. ئەگەر دیموکراسی هەبوایە ئەوە لە غەزە ڕوی نەدەدا. (بەشداربوی یەکەم، هەولێر)*

*دیموکراسی ئەوەندە وەهم و چەمکێکی پڕوپوچە سەکەتوە نەبوە لە پراکتیکا. بۆتە ئامراز بۆ جێبەجێکردنی کۆمەڵێک ئەهدافیترو، خزمەتی بە سەرمایەداری و هەندێ ئەهدافی سیاسی ئەو وڵاتانە کردوە. (بەشداربوی بیستەم، هەڵەبجە)*

*دیموکراسی وەهمە و هەڵدراوەتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆگەوجاندنی خەڵکی. دیموکراسی تەعبیر لە مافی مرۆڤ و لە ئازادی بیروراو ئازادی تاکەکەسی ناکات و، ئامرازێکە بەدەست سیاسەت و سەرمایەدارییەوە و لە ئەسڵی خۆیدا بۆ بازرگانیکردن و بۆ هەژمون داهێنراوە. (بەشداربوی بیست و یەکەم، خورماڵ)*

*دیموکراسی بەشێکە لە سەمایەداری و ئامرازێکە بەکاری هێناوە، کە بۆ ئەمریکا شتێکە و بۆ ئێران و بۆ تورکیان شتێکی کەیە. ئیشی سەرمایەدارییە براکوژی دروستەکا هەتاوەکو تو ئەسلیحە بکڕی و نەوتەکە بدزێ و بفرۆشرێ و بە پارەیەکی کەمتر دەستی بکەوێ. ها سەیرکە سەرمایەداری چۆن کاسبیەئەکا و ئیتر تو لەناوەچی لەناوناچی ئایا ئەمە دیموکراسییە کە ئەمریکا لە سوریا لای ئێمە لە ئۆکراین لە ئێران چوزانم چییە کا. (بەشداربوی بیست و چوارەم، هەولێر)*

لە ماوەی سی ساڵی ڕابردودا، هێندە ڕوداو و پێشهات، ئاڵنگاری و گۆڕانکاری، کێشەو قەیرانی وەها ڕوبەڕوی خەڵکی هەرێمی کوردستانیان بونەتەوەو، بە هەر ئەندازەیەک بێت، کەسانێکیان خستۆتە هەڵوێستێکی وەهاوە، کە چیتر هیوا لەسەر دێموکراسی هەڵنەچن. ئیدی دێموکراسی فریادڕەسی ژیان نییە؛ میکانیزمێکی واقعیش نییە بۆ کۆتایی هێنان بە کێشە بنەڕەتییەکانی مرۆڤایەتی. لە دیدی ئەواندا، ئەو وێنا بێ خەوشەی، کە بۆ دێموکراسی دەخرایەڕو، وێنایەکی دروستکراوی ناواقعی و گاڵتەجاڕانەیە، لەبەرئەوەی هێندەی کراوەتە میکانیزمی فریودان و سەرقاڵکردنی خەڵکی بە شتی لاوەکییەوە لەلایەن سیاسی و دەسەڵاتدارانەوە لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، هێندە لە خزمەتی خەڵکیدا بەکاریاننەهێناوە. لەو بارەیەوە بەشێک لە لێتوێژراوان دەیانگوت:

*دیموکراسی زێتر ئاخافتنەکە خەیال و فریودانە و ڕاستی نینە، چونکی ئەوێت بێژن بەس هندەک تشتێ لاوەکی د واقعێ دا دکەن نە سەرەکی و دەسەلاتدار حەز ل چ بکەن دێ وەکەن و دیموکراسیێ بو مەسلەحەتا خو شۆل پێ دکەن تەقریبەن د حەمی دنیاێدا وەسایە هندی بۆ مەسلەحەتا مەسئولا دهێتە بکارئینان دێ مەسلەحەتا خەلک نائێتە بکارئینانێ. (بەشداربوی نۆیەم، دهۆک، شێخان)*

*پێشیر دیموکراسی شتێکی زۆر گرنگ و پیرۆز بو بەلامەوە، بەڵام لە ئەخیری ئەم چەند ساڵە، بۆم دەرکەوت دیموکراسی تەنها ناوێکە هەندێ لایەن و حزب و وڵات بەکاریبەهێنێ بۆ بەرژەوەندی خۆی و، لە وەهمێک زیاتر نییە و، خەڵکی پێ ئەخەڵەتێنن و قێزەونە. لە وڵاتەکەی خۆما خەڵکێک هەیە بەناوی دیموکراسیەوە، فرتوفێڵەکا لە خەڵکیتر. ئەم چەمکە هەرکەسێک چییەوێت، ئەو ئیشەی خۆی پێ ئەکات. (بەشداربوی بیست و دوەم، هەڵەبجە)*

*دیموکراسی هەرچەند شتەکانی بەرچاون و ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکات لە ماوەیەکی کەم دەکرێ بیان کات، بەس ئەنجامەکەی شتێکی کەمان پێ دەڵێ و ئەوە نییە، کە بانگەشەی بۆکردوە؛ بۆیە زیاتر وەهیمە و، جێبەجێکرنیشی، زیاتر بۆ مەسلەحەتی شەخسییە.(بەشداربوی پانزەهەم، سلێمانی، قەڵادزێ)*

*وەکو تەجروبەی خۆم، کە باسی دیموکراسی دەکەن، پێموایە گاڵتەم پێدەکرێت. ڕەخنەم لە خودی دیموکراسی هەیە و لە ئەرزی واقع و ژیانی منا، پراکتیز نابێ. ئەوەی کە لەناو کتێبەکانا بانگەشەی بۆ دەکرێت، لە ئەرزی واقعا نەیتوانیوە ئەو دەورە پۆزەتیڤە بگێرێ و، لە کۆمەڵگەی ئێمەیا، دەورێکی نێگەتیڤیشی هەبوە. (بەشداربوی بیست و چوارەم، هەولێر)*

### 5.3. دێموکراسی، جێگەی ئاین ناگرێتەوە:

کۆمەڵناسی ئەڵمانی هارتموت ڕۆزا، پێیوایە گەشەسەندنی دێموکراسی، بەندە بە بونی کولتورێکی ڕۆحانییەوە؛ کولتورێک هاریکاری و یەکێتی لەنێوان خەڵکیدا، سیمای هەرە دیاری بن وەک بنەمایەکی تۆکمە بۆ بەرێوچونی ئاشتیانەی گفتوگۆ وململانێ سیاسییەکان. (Palaver,2022: 36). ڕۆزا ڕەخنە لە سەرمایەداری و دەسەڵات و دێموکراسیی کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوا دەگرێت و، باوەڕەی وایە مرۆڤ لەو کۆمەڵگایانەدا، دوچاری دابڕان و نامۆبون بە خۆشی بوەو، پەیوەندی بە جیهان و دەوروبەر لە دەستداوە؛ بەوپێیەی دەبێ بەردەوام لە هەوڵی بەرهەمهێنان و دانەبڕان لە گەشەی بەردەوام دابێت؛ دابڕانی لەم پرۆسەیە، ڕوبەڕوی جۆرەها قەیرانی دەکاتەوە. ئەگەر بەو شێوەیەی هەیە بەردەوام بێت، ئەوا زیادبونی بوار و کاتی کارکردن ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، ڕەنگدانەوەی نەرێنی بەسەر مرۆڤەوە لەڕوی دەرونی و جەستەییەوە، دەیکاتە بونەوەرێکی شەرانگێز لەبەرامبەر ئەوانیتر لەڕوی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، کە لە جیات ئەوەی گفتوگۆیەکی هێمنانە بکات، وەک دوژمن ڕەفتار لەگەڵدا دەکات. ئەگەریش لە پرۆسەکە دوا بکەوێت، ئەوا توشی قەیرانی ئابوری و، دارمان و زیادبونی بێ کاری دەبێتەوە. بۆیە ڕۆزا پێداگیرە لەسەرئەوەی، دێموکراسی و کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان، لەبەردەم هەڕەشەی هەڵوەشانەوە و شکسخواردنی گەورەدان و، ئاین دەتوانێ لەو قەیرانە ڕزگارییان بکات، لەبەرئەوەی لێناگەڕێت

مرۆڤ هەست بە نامۆیی لە خۆی و کۆمەڵگا بکات؛ ماناش دەبەخشێتە ژیان و، هەستی مرۆڤبون و هاوبەشییان پێ ببەخشێت. (روزا، 2024: 29 - 51).

بەو واتایە بێت، دیموکراسی نەیتوانیوە و ناشتوانێت جێگەی ئاین بگرێتەوە؛ پێدەچێ هەم لەبەر زیندوێتی ئاین، یان ترس لە زیانی دەرهاویشتەکانی دیموکراسی لەڕوی کولتوری کۆمەڵایەتییەوە، خەڵکانێک سور بن لەسەر ئەوەی، دیموکراسی ناتوانێت شوێنی ئاین بگرێتەوە. هەرچەندە ڕەخنەشیان لە ئاین هەبێت، بەڵام لای سانێک ئەو تێهزرینە شوێنی خۆی گرتوە، کە دیموکراسی زیاتر مامەڵەیەکی ماددیانە لەگەڵ خواست و پێداویستییەکانی مرۆڤدا دەکات؛ ژیانی هێندە بەرەو بەماددیبون بردوە، مانایەکی ئەوتۆی لای مرۆڤ بۆ نەهێشتۆتەوە؛ دیموکراسی هۆکاری نائاسودەیی و نامۆبونی مرۆڤە؛ لە کاتێکدا ئاین، بەتایبەت ئیسلام، توانیویەتی هاوسەنگییەک لەنێوان لایەنی ڕۆحی و ماتریالیزمی ژیان ڕابگرێت، لەبەرئەوەی بە یەکجارەکی، دەرگا بەڕوی خواست و داخوازییەکانی مرۆڤدا داناخات، بەڵکو ئازادی دەکات لەوەی دەتوانیت چی هەڵبژێت؛ ئەنجامی هەر هەڵبژاردنێکشی لە دنیاو ڕۆژی دواییشدا، بۆ دیاری دەکات. کەچی دیموکراسی بەوپێیەی داهێنراوی دەستی مرۆڤە، ناتوانێ وەڵامی یەکلاکەرەوەی هەمو پرسیارە جەوهەرییەکان بداتەوە. لەو بارەیە بەشێک لە لێتوێژراوان دەیانگوت:

*من وای تێدەگەم، کە ئیسلام محاوەلەی کردوە، کە دین و دونیا لەیەک نزیک بکاتەوە، بەڵام دیموکراسیبەرەو ماتریالیزم ئەڕوا و ڕۆح و مانای ژیان ئەکوژرێ؛ پێم وایە ڕاگرتنی باڵانسی ماتریالیزم و ئایدیالیزم مەعنایەک بە ژیانەئەبەخشێ و، ئەوەیە کە ئاین بانگەشەی بۆ دەکات و لەناو دیموکراسیا ئەو بەڵانسە نییە. (بەشداربوی بیست و چوارەم، هەولێر)*

*من ناڵێم ئاین و دیموکراسی وەکو یەکن؛ دیموکراسی دەتوانی لەبەرامبەر وشەی ڕاوێژدا دایبنێین لە ئیسلامدا، کە هێشتاش ڕاوێژ بە نەزەری من فراونترە لە دیموکراسی و، خۆی ئاین هەر موقارەنە ناکرێت لەگەڵ دیموکراسی. ئاین زۆر فراوانترە و تایبەت نییە بە شوێن و سەردەمێکی دیاریکراو وەک دیموکراسی. (بەشداربوی چواردەهەم، سلێمانی، ڕاپەڕین)*

*من بە گشتی، زیاتر لەگەڵ ئاین دام، کە لە خزمەتی بەشەرییەتە بە تەواوەتی و، زۆر لەو شتانەی، کە بەناوی دیموکراسییەوە بانگەشەیان بۆ دەکرێت، ئاین ئەگەر وەکو خۆی جێبەجێ بکرێ بە زیادیشە دەستەبەریان دەکات، بەڵام دیموکراسی، ڕەئی زۆرینەیە لەسەر بابەتێک، کە مەرج نییە ئەو بابەتە، بابەتێکی دروست و لە خزمەتی بەشەرییەت دابێ؛ زۆر جار لە خزمەتی کۆمەڵێکە و لە خزمەتی ئەوانی دیکە نییە. (بەشداربوی پانزەهەم، سلێمانی، قەڵادزێ)*

*من دیموکراسی ناکەم بە پێوەری ژیانی خۆم. ئەگەر شەریعەت هەبێ دیموکراسی ئەخەمە لاوە بە هەمو شێوەیەک، چونکە پێموایە شەریعەت کامڵترە و، یاسای دەستی مرۆڤ لە گۆران و لە نەزانینایە، بەڵام من بەپێی ئەزمونی ژیانی خۆم و ئەوەی کردومە بەپێی حەدیس و شەرع، ڕاستتر دەرچوە. (بەشداربوی بیست و دوەم، هەڵەبجە)*

هەندیکیتر لە بەشداربوان هەرچەندە جەختیان لەسەر دیموکراسی وەک شێوازێکی حکومڕانی دەکردەوە، بەڵام پێداگیریش بون لەسەر ئەوەی، کە ئاین و دیموکراسی هاوتا نین؛ شورا و ئاینی ئیسلامییان پێ فراوانتر بون لە دیموکراسی. جەختیان دەکردەوە لەسەر ئەوەی، بە پێچەوانەی دیموکراسی، ئاین بۆ هەمو سەردەمێکەو، هی ئەوە نییە بە دیموکراسی بەراوردی بکرێت؛ لەوبارەیەوە دەیانگوت:

*ئاین بەرنامەی ژیانە و پرسیارە جەوهەرییەکان وەڵام دەداتەوە، بەڵام دیموکراسی ئینتاجێکی بەشەرییەوە و هەمو شتێک ناتوانێ وەڵام بداتەوە و ببێتە بەرنامەی ژیان، بەڵام دەکرێ میکانیزمێکی باش بێ بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات. (بەشداربوی دوەم، هەولێر)*

*دیموکراسییەت نابێتە بەدیلی دین. دیموکراسی سیستەمێکی حکومڕانی موشارەکەپێکردنی هاووڵاتییە لەناو حکومڕانیاو، وەک ڕەهەندە سیاسی و مرۆڤییەکەشی پێویستمە وەکو ژیان، بەڵام کۆمپلیت دین و دیموکراسی موقابلی یەک نین و ئەو چەمک و بنەمایانەی لە دینا هەن لە دیموکراسیەتا نین. (بەشداربوی بیستەم، هەڵەبجە)*

*تا ئێرە و لەو ئانو ساتەیا، بە زەحمەتی ئەبینم دیموکراسی و ئاین ببنە بەدیلی یەکتری؛ لەگەڵ پەرگیری هیچیاندا نیم و بەدیلیشیان نییە. لەڕوی کۆمەڵایەتی و ئابورییەوە دەتوانم بڵێم، من شێوازەژیانێکی شەرعی ئیسلامییەکەم پێ قبوڵترە و، هەستەکەم جۆرێ لە کەرامەتی تیایە بۆ مرۆڤ. (بەشداربوی بیست ویەکەم، هەڵەبجە، خورماڵ)*

هەندێکیش لە بەشداربوان پێداگیربون لەسەر ئەوەی، کە ئاین و دێموکراسی، نابنە بەربەست لەبەردەم یەکتریدا؛ بەمەرجێک هەریەکەیان لەبواری خۆیدا ڕۆڵ بگێڕێ و، دەستوەرنەدەنە بواری یەکتری. ئاین شتێکی تایبەتییەوە و، نابێ بخزێتە ناو کایەی سیاسی و سنوردارکردنی ئازادییەکان مرۆڤەوە. هەرچەندە هەندێکیان داکۆکیان دەکرد لەوەی مرۆڤ لە یەک کاتدا، پێویستی بە هەردوکیانەوە و، ناتوانێ دەستەبەرداری یەکێکیان بێت بۆ ئەویتر. لەو بارەیەوە دەیانگوت:

*ئەگەر بمانەوێ دیموکراسی پەیڕەو بکەین، ئاین نابێتە ڕێگر، چونکە ئاین ئەرکی زۆر باشی کۆمەڵایەتی هەیە و هیچ شتێک بە قەد ئەو ناتوانێ ئەو ڕۆڵە بە باشی بگێڕێت و سود بە کۆمەڵگا بگەیەنێ؛ ئەوە کۆمەڵگای ڕاگرتوە و کۆمەڵێک پرەنسیپی داناوە، بەڵام وەکو خۆم دژی ئەوەم، کە ئاین دەسوەردانی سیاسی بکات. ئەرکی ئاین یا کەسێک نییە بەناوی ئاینەوە یان خواوە لەناو سیستمی سیاسیا ڕۆڵ بگێڕێ و تەسەروفاتی سیاسی بکات. (بەشداربوی هەژدەهەم، سلێمانی)*

*دیموکراسی نابیتە بەدیلێ ئاینێ، لێ د جڤاکێ سکۆلاریزم هەلبەتە ئەو جڤاکێت پتر ئازادییا ئاینی هەیە و تشتەکی تاکەکەسی بیت نەک تشتەکی گشتی. ئاین ئێک ژوان تەحەدیانە لبەردەم دیموکراسێیدا هەن. ل جڤاکێ مەدا ئاین رێکێ ناداتە تە هەمو ئازادییان جیبەجێ بکەی؛ رێکێ نادات پرۆسەیەک فکری عەقیدگەرایی هەبیتن؛ بەلکی ئاین کۆمەکا بەربەست و زنجیر و قەیدا بو مرۆڤی دانێت و مرۆڤ پێڤە گرێدایە. (بەشداربوی هەشتەم، دهۆک)*

*ژ لایێ من ڤە، ئینسانییەت لە دین موهیمترە؛ هەمی دین و دیانەت بۆ هەندێنە کو تو کەسەکی باش و بێ زەرەر بی؛ بەس وەختی کە دین بهێز دبی، دیموقراتی لاواز دبیت. چونکی دو چشتێ ژ ئێکی دی جودان؛ دیانەت شتەکی شەخسییە دناڤبەرا مرۆی و خودێ دا؛ بەس دیموقراتییەت ئانکو تشتەکی جیاواز و گشتییە. (بەشداربوی دوانزەهەم، دهۆک)*

*نە دیموکراسی نەبویە بەدیلێ دین، نە دینیش دبیتە بەدیلێ دیموکراسیێ؛ چونکی هندەک چشت هەی د دیموکراسێیدا هەی د دیندا نینە؛ دناڤ دیموکراسێیشدا بەعزە چشت هەن د دینێدا نینە. مە دشێین لەو چشتێن جوان و باشێت هەردوکا نمونەیەکا جوان بۆ ژیانێ چێ کەین. (بەشداربوی یانزەهەم، دهۆک)*

## ئەنجامگیری (Conclusion)

سەبارەت بە یەکێک لە ئامانجەکانی توێژینەوەیەکە، کە بریتی لە دیاریکردنی ڕوانگەو تێڕوانینی هاووڵاتیانی هەرێم بۆ دێموکراسی، ئەنجامەکان نیشانیان دا، کە دێموکراسی لە هەرێمی کوردستان دا، زیاتر وەک بەرجەستەبونی ماف، ئازادی، یەکسانی و دادی کۆمەڵایەتی وێنا دەکریت. وێناکردنی وەک ماف و ئازادی، زیاتر لە بواری سیاسیدایە؛ بەتایبەت بەشداریکردن و دەنگدان و خۆپاڵاوتن لە هەڵبژاردنەکان و، ئازادی لە بڕیاردان و دەربڕینی بیروڕادا. وێناکردنیشی وەک یەکسانی و دادی کۆمەڵایەتی، زیاتر لەبواری یاسایی و ئابوریدایە، هەر لە یەکسانی لەبەردەم یاساو داکۆکیکردن لە مافەکان و، دەستەبەرکردنی هەلی یەکسان لەڕوی کارو بژێوی و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانەوە؛ تا دەگاتە دابەشکردنێکی دادپەروەرانەی داهاتی نەتەوەیی لەنێوان هاووڵاتیانداو، ڕەچاوکردنی دادپەروەری لە دیاریکردنی ڕۆڵ و پێگە کۆمەڵایەتییەکان، لەنێوان هەردو ڕەگەزی نێرو مێدا. ئەنجامەکان، بەتایبەت تێگەیشتن لە دێموکراسی وەک ماف

و ئازادی، نزیکە لە ئەنجامی توێژینەوەی هەریەکە لە: ( Ottomeller, 1998; Bratton and Matter; 2001a, 2001b; Baviskar and Malone, 2004; Moodie, 2005; Fuchs and Roller 2006; Schedler and Sarsfield, 2007; Blaauw, 2007; Dalton et al, 2007; Kemahlıoğlu ve Keyman, 2011; Liebowitz and Kibirige, 2013). لەڕوی جەختکردنەوەش لەسەر دێموکراسی وەک یەکسانی، توێژینەوەکە هاوئەنجامی توێژینەوەی هەریەکە لەمانەیە: (Dalton, Shin and Willy, 2007; Çelikadam and Cesur, 2023; Pietsch and Clark, 2015; World value survey, 2020). ئەنجامەکان سەبارەت بە دادی کۆمەڵایەتیش، نزیکن لە ئەنجامی توێژینەوەی ئەمانە: ( Blaauw, 2007; Bratton and Mattes, 2001; World Value Survey: WVS, 2014; Tessler et al., 2012; Çelikadam and Cesur, 2023). پێچەوانەشن لەگەڵ ئەنجامێکی توێژینەوەکەی (Akboğa and Şahin, 2018)، کە بۆیان دەرکەوت، ژنان لە تورکیا، خوازیاری یەکسانین لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا.

پەیوەست بە ئامانجی دوەمی توێژینەوەکە، کە بریتی بو لە دیاریکردنی ئەو فۆڕمی حکومڕانی و، هاوکات ئەو شێوازە ژیانەی لە دیدی هاووڵاتیانی هەرێم دا دێموکراسییە، بەشێک لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە پێمان دەڵێن، کە لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە، هاووڵاتیان زۆر خوازیاری مۆدێلی دێموکراسی و، شێوازە ژیانی وڵاتانی ڕۆژئاوا نین. ماف و ئازادی ڕەهاو، بەزاندنی عورف و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان، دەرچونن لە دێموکراسی و، سنوری تایبەتمەندییە سروشتییەکانی مرۆڤایەتی دەبەزێنن. ڕەسەنایەتی و کولتوری کوردەواری، لەگەڵ دێموکراسیدا ناکۆک نین و، پێویست ناکات بە بیانوی بەدێموکراسیبون، بە توخمی کولتوری دەرەکی بگۆڕدرێن. بەتایبەت کە بونی ژمارەیەک دیمەن و دیاردەی نامۆ، ئاماژەن لەسەر ئەوەی شیرازەی کۆمەڵایەتی و خێزان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، چەندە شێواوە. ئەم ئەنجامەش هاوشێوەی ئەنجامی توێنەوەکەی (امانی گ، 2024) و؛ نزیکیشە لە تەوەرێک لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی ( Çelikadam and Cesur, 2023)، کە بەشێک لە نمونەی توێژینەوەیان لە تورکیا، پێیان وابوە دێموکراسی، تاڕادەیەک نامۆیە بە سروشتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکەیان.

لایەنێکیتری چەمکسازی دێموکراسی لەڕوانگەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان ئەوەیە، کە دێموکراسی وەک باشترین سیستمی سیاسی و فۆڕمی حکومڕانی وێنادەکرێت، بەڵام سیستم و فۆڕمێک، کە تارمایی ئاین و ئایدیۆلۆژیاو خێڵ و هۆزەکانی بەسەرەوە نەبێت؛ تاوەکو دەزگا و دامەزراوە فەرمییەکان، بەدامەزراوەییانە بەڕێوەببرێن و، دەسەڵات و بەرژەوەندی گشتیش، لە قۆرخکاری بەدوربن. ئەم ئەنجامانەش تارادەیەک هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەکەی هەریەکە لە (Çelikadam and Cesur, 2023). هەرچەندە لای هەندێ کەس خواستێکی لەو جۆرە هەیە، کە سیستمێکی لیبراڵ دێمۆکراس لە هەرێمی کوردستان بکەوێتە سەر پێ، کە بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی ( Claassen et al., 2024) زیاتر لە وڵاتە خۆشبژێوەکاندا بەرجەستە دەبێت؛ ئێمەش هێشتا زۆرمان ماوە لە ڕێزی ئەو جۆرە وڵاتانە هەژمار بکرێین. لە بەرامبەردا فۆڕمەلەکردنی فۆڕمێک لە دێموکراسی خۆماڵی، بە کەڵوەرگرتن لە ڕەسەنایەتی و کولتوری کوردەواری، لە جیات هاوردەکردنی فۆڕمێکی دێموکراسی دیزاینکراوی دەرەکی، یا پۆپۆلیزم، کە هەڕەشەن لەسەر کۆی کایەکانی ژیان لەهەر کۆمەڵگایەکدا، دیدگاو خواستێکی زۆرینەیە لە هەرێمی کوردستاندا؛ جیاواز لە تێڕوانینی هاووڵاتیانی هەندێ وڵاتی عەرەبی، کە بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکانی هەریەکە لە (عابد، 2014؛ فوزیة، 2016 و الاطرش، 2023) کولتوری سیاسی لەو وڵاتانەدا، جۆرێک تێکگیربونی لەگەڵ بەها دێموکراسییەکاندا هەیە. ئەزمونی سیاسی و حکومڕانی لە هەندێ وڵاتی وەک مالیزیا و سەنگاپورەو تەنانەت یابانیش نیشانیدا، کە دەستگرتن بە کولتور و ڕەسەنایەتییەوە، ڕۆڵی لە بیناکردنی دێموکراسییەکی خۆماڵیدا ئەرێنییە؛ بەوپێیەش لە هەرێمی کوردستاندا کەسانێک هەن لە شێوازە ژیانی خۆیان

ڕازین و، لە ئەنجامدانی هەر گۆڕانکارییەکیشدا، خوازیارن دەست بە کولتور ڕەسەنایەتییەوە بگیرێت، ئەمە ئاماژەیەکی ئەرێنییە لەمەڕ سەرکەوتنی هەوڵدان بۆ بیناکردنی سیستەم و فۆڕمێکی حکومڕانی لەو شێوەیە.
لایەنێکیتر کە نابێ لە چەمکسازی دێموکراسیدا فەرامۆش بکریت لە هەرێمدا، ئاینە؛ بەتایبەت ئیسلام کە ئاینی زۆرینەی ڕەهای خەڵکەکەیەتی و، ڕەنگدانەوەیەکی زۆریشی بەسەر کولتور و بیرکردنەوەیانەوە هەبوە. بۆیەش ئاساییە کەسانێک هەبن بە ئەندازەی هۆگربونیان بە ئاینەوە؛ یان خوێندنەوەیەکی لۆژیکی و بابەتیانە بۆ دەرهاویشتەکانی پیادەکردنی دیمۆکراسی لەژێر چەپۆکی سەرمایەداری و گلۆبالیزەیشن و سیستمی نیۆلیبڕالیزمی جیهانیدا، دێموکراسیان هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەکەی (Baviskar and Malone, 2014)، پێ یۆتۆپیا بێت. بەتایبەت لە سنوری پارێزگای هەولێر بەڕێژەیەکی کەم، بەڕێژەیەکی زۆریش لە سنوری پارێزگای هەڵەبجەدا. سیاسەتی وڵاتانی زلهێز و سەرمایەداری، کە دێموکراسییان کردۆتە میکانیزمی فریودانی وڵاتانیتر و، بەدیهێنانی ئامانجە سیاسی و ئابورییەکانیان لە لایەک، ئەزمونی پیادەکردنی دێموکراسی لە هەرێمی کوردستان، کە ماوەی زیاتر لە سی ساڵە گۆڕانێکی ئەوتۆی سیاسی هیوابەخشی بەخۆوە نەبینیوە، هۆکاری ئەو جۆرە وێناکردنەی دێموکراسین لەلایەن هەندێ کەسەوە، هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەی هەر یەکە لە (Merkel, 2014 ; Min, 2024)، کە جەخت دەکەنەوە لەسەر پێکناکۆکی وەرچەرخان بەرەو دێموکراسی و، دەرهاویشتەکانی سیستمی نیۆلیبڕالیزم و سەرمایەداری جیهانی.
ئەنجامگیرییەک کە لەم ئەنجامەی دوایی دەتوانین بیکەین ئەوەیە، کە ناکارایی و دڕدۆنگی ئەنجام و دەرهاویشتەکانی دیمۆکراسی؛ بەتایبەت لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی زلهێز و سەرمایەدارییدا دەهەمبەر وڵاتانیتر، دەشێ هۆکارێک بێت بۆ زیندوهێشتنەوەو، لە هەمان کاتدا پەرەپێدانی جۆرێک لە فەندەمینتاڵیزمی ئاینی. جا کە مرۆڤ لە شتێک بێ هیوا بو، هیوا لەسەر شتێکیتر هەڵدەچنێت. جا ئەگەر مرۆڤ لەو وڵاتانەی کە بەحیساب دیمۆکراسین، بە دەست کێشەگەلێکەوە بناڵێنێت، لە کۆمەڵگاکانیتر چۆن تەمەنای ئەو جۆرە دێموکراسییە دەکات! ئەزمونی وڵاتانی دێموکراسی، بەتایبەت لە ڕۆژئاوا سەلماندی، کە دێموکراسی نەیتوانیوە بە تەواوەتی شوێن بە ئاین لەق بکات و، ئەو ڕۆڵانە بگێڕێت، کە ئاین هەیبون. ئەمەش هاوتەریب لەگەڵ بۆچونی کۆمەڵناسی ئەڵمانی (هارتموت ڕۆزا)، کە پێیوایە دێموکراسی لە وڵاتە سەرمایەدارییەکاندا، کە ئێستا لەچوارچێوەی سیستمی گلۆباڵیزەیشنی جیهانیدا، بارودۆخی وڵاتانی دیکەشیان کردۆتە پاشکۆی خۆیان، بێ بەهەندوەرگرتنی لایەنی ڕۆحی و ئاین، پرۆسەیەکی شکستخواردوە و، لە سایەشیدا، مرۆڤ توشی نامۆیی و دارمانی دەرونی بوە. بەو واتایەش، دێموکراسی بۆ ئەوەی بتوانێ لەسەر پێی خۆی بوەستێ، نەک نابێ دژی ئاین بێت، بەڵکو پێویستیشی بە ئاینە.

## ڕاسپاردەکان (Recommendations)

ئاشنابون بە تێگەیشتنی هاووڵاتیان لە دێموکراسی، گرنگە بۆ بزانینی ئەوەی، لە چ ڕویەکەوە توێژینەوەی دیکە ئەنجام بدرێن؛ بۆیە ڕاسپاردەم بۆ توێژەرانیتر ئەوەیە، کە بە دو ئاراستە توێژینەوەیتر ئەنجام بدەن:
یەکەم: هۆکار چییە لە هەرێمی کوردستان، دێموکراسی زیاتر وەک سیستەم و فۆڕمێکی حکومڕانی هیوای لەسەر هەڵدەچنرێ؛ وەک شێوازە ژیانێکی کۆمەڵایەتی و ئابوری، هێندە خوازراو نییە!
دوەم: بەوپێیەی ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی سۆراخکارییە و، شوێن ئەوە کەوتوە هاووڵاتیان چۆن دەڕواننە دێموکراسی، نەک ئەوەی لەبەرچی و هۆکار چییە، جیاواز لە یەکتری بیر لە دێموکراسی دەکەنەوە؛ بۆیە توێژەران لە داهاتودا، پێویستە لەوەش بکۆڵنەوە، چ گۆڕاوێک لە فۆڕمەلەکردنی چوارچێوەی بیرکردنەوەی تاکەکان لەهەمبەر دێموکراسیدا، ڕۆڵی سەرەکی هەیە.

## سەرچاوەکان:


امانی گ. (2024) "تبیین جامعه‌شناختی از سبک زندگی غربی (با رویکرد انتقادی) ,"*مجله علمی- تحقیقی علوم اجتماعی پوهنتون کابل* , 7(1)، ص ص. 201–219. https://doi.org/10.62810/jss.v7i1.17 .

تورین، الان، (2000). ماالديمقراطية؟ دراسة فلسفية، ت: عبود كاسوحة، دمشق، منشوران وزارة الثقافة السورية.

خدر، هیوا حاجی، (2014). نسکۆ لەسەردەمی خەونی گەلاندا دیموکراسی ئەزمون و میتۆد لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانکاریەکانی ناوچەکەدا. گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی 8، ژمارە 4، ل. 45 – 62.

روزا، هارتموت، (2024). لماذا تحتاج الديمقراطية الى الدين، ت: محمد مصطفى، دار كنعان، دمشق.

الشرقاوي، سعاد (2007). النظم السياسية في العالم المعاصر، بدون مكان و دار النشر. متاح علي: http://www.parliament.gov.sy/SD08/msf/1435498198_.pdf (سەردانیکراوە لە: 23-2-2024)

الشريدة، خالد العزيز، هدية، عبادلله، المقاطع، محمد عبدالمحسن و اخرون، (2001). الديمقراطيه و التربيه في الوطن العربي - اعمال المؤتمر العلمي الثالث لقسم اصول التربيه في كليه لتربيه – جامعه الكويت، مركز دراسات الوحده العربيه، ط1، بيروت.

کیسلاسی، ئیریک، (2017). دیموکراسی و یەکسانی، و: حەمە ڕەشید، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

هيلد، ديفيد، (2006). نماذج الديمقراطية، ت: فاضل جتكر، بيروف، معهد الدراسات الاستراتيجية، بغداد.

هێیود، ئاندرو، (2007). تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، دەزگای ئاراس، هەولێر.

Akboğa, S. and Şahin, O., (2018). Türkiye'de demokrasi algıları: Cinsiyet, etnik ve dini dinamikler. *Journal of Economy Culture and Society*, (57), pp. 1-28, http://dx.doi.org/10.26650/JECS356672 : (Accessed: 23 february 2025).

Asika, N., 2004. Introduction to Research Methodology:'A process approach'University of Lagos press. *Akoka, Lagos State*.

Almond, G. and Verba, S., 1963. *The obligation to participate* (pp. 195-214). the civic culture. Democratic study of the political participation in five nations, foundation FOESSA. Spain, original Edition: The Civic Culture: Political Attitudes and Democracy in Five Nations, Princeton University Press.

Almond, G.A., (1991). Capitalism and democracy. *PS: Political Science & Politics*, *24*(3), pp. 467-474, https://doi.org/10.2307/420091: (Accessed: 21 November 2024).

Baviskar, S. and Malone, M.F.T., (2004). What democracy means to citizens—and why it matters. *Revista Europea de Estudios Latinoamericanos y del Caribe/European Review of Latin American and Caribbean Studies*, pp. 3-23, **DOI: 10.18352/erlacs.9682**

Blaauw, L., (2007). Measuring the support for democracy in Namibia: intrinsic or instrumental? *Journal of African Elections*, *6*(1), pp. 189-202, avalabile at: https://www.researchgate.net/publication/313593247_Measuring_the_Support_for_Democracy_in_Namibia_Intrinsic_or_Instrumental: (Accessed: 11 January 2025).

Bratton, M. and Mattes, R. B. (2001b). How people view democracy: Africans' surprising universalism. Journal of Democracy, 12 (1), pp. 107–121, avalabile at: https://www.researchgate.net/publication/236742748_Africans'_Suprising_Universalism :(Accessed: 14 december 2024).

Bratton, M. and Mattes, R., (2001a). Support for Democracy in Africa: intrinsic or instrumental? *British Journal of Political Science*, *31*(3), pp. 447-474, avalabile at: https://www.researchgate.net/publication/236742748_Africans'_Suprising_Universalism: (Accessed: 28 October 2024).
Ceka, Besir and Magalhães, Pedro C., The Meaning of Democracy and its Determinants (July 30, 2014). Hanspeter Kriesi (ed.), How Europeans View and Evaluate Democracy, Forthcoming, Available at SSRN: https://ssrn.com/abstract=2474056: (Accessed: 15 August 2024).
Çelikadam, C. and Cesur, S., (2023). Demokrasinin Gündelik Kavramsallaştırması: Keşifsel Bir İnceleme. *4. BOYUT Medya ve Kültürel Çalışmalar Dergisi*, (22), pp.1-19, DOI :10.26650/4boyut.2023.1257609
Chu, Y.H., Diamond, L., Nathan, A.J. and Shin, D.C. eds., (2008). How east Asians view democracy. Columbia University Press.
Claassen, C., Ackermann, K., Bertsou, E., Borba, L., Carlin, R.E., Cavari, A., Dahlum, S., Gherghina, S., Hawkins, D., Lelkes, Y. and Magalhães, P.C., (2024). Conceptualizing and measuring support for democracy: A new approach. *Comparative Political Studies*, *58*(6), pp. 1171-1198, doi.org/10.1177/00104140241259458
Collier, D. and Levitsky, S., (1997). *Democracy with adjectives: Conceptual innovation in comparative research*. World politics, 49(3), pp. 430-451, avalabile at: https://www.bu.edu/washington/files/2015/01/Collier-and-Levitsky-Democracy-with-adjectives.pdf: (Accessed: 9 September 2024).
Crick, B., (2002). Democracy: A very short introduction. OUP Oxford.
Dahl, Robert. (1971). *Polyarchy*. New Haven: Yale University Press.
Dalton, R.J., Sin, T.C. and Jou, W., (2007). Understanding democracy: Data from unlikely places. *Journal of democracy*, *18*(4), pp.142-156, avalabile at: https://sites.socsci.uci.edu/~rdalton/archive/jod07.pdf : (Accessed: 15 August 2024).
De Regt, S., (2013). Arabs want democracy, but what kind? *Advances in Applied Sociology*, *3*(01), pp. 37-46, doi: 10.4236/aasoci.2013.31005.
Diamond, L. (2004): What is Democracy? Stanford University, past seven lecture, Avalabile at: https://diamond-democracy.stanford.edu/events/lecture/what-democracy: (Accessed: 15 August 2025).
Friedman, S., (2012). Democracy as an open-ended utopia: Reviving a sense of uncoerced political possibility. *Theoria*, *59*(130), pp.1-21, DOI:https://doi.org/10.3167/th.2012.5913001
Fuchs, D. and Roller, E., (2018). Conceptualizing and measuring the quality of democracy: The citizens' perspective. *Politics and Governance*, *6*(1), pp. 22-32, DOI: https://doi.org/10.17645/pag.v6i1.1188
Fuchs, Dieter and Roller, Edeltraud, (2006). “Learned democracy? Support for democracy in Central and Eastern Europe.” International Journal of Sociology, 36(3), pp. 70-96, avalabile at: https://www.researchgate.net/publication/240799200_Learned_Democracy_Support_of_Democracy_in_Central_and_Eastern_Europe: (Accessed: 15 june 2024).
Goundar, S., 2012. Research methodology and research method. *Victoria University of Wellington*, *1*(1): 1-47. avalabile at: https://prallagon.com/wp-content/uploads/2021/05/Research-Methodology-A2.pdf (Accessed: 15 August 2025).

Haerpfer, C., Inglehart, R., Moreno, A., Welzel, C., Kizilova, K., Diez-Medrano, J., Lagos, M., Norris, P., Ponarin, E. and Puranen, B., (2020). World values survey wave 7 (2017-2020) cross-national data-set. *(No Title)*. Avalabile at: file:///C:/Users/Golden/Downloads/F00011921-World_Values_Survey_Wave_7_2017-2020_Iraq_v3.0.pdf: (Accessed: 15 May 2025).

Holcombe, R.G., (2021). The complex relationship between democracy and freedom. The Independent Review, 25(4), pp. 617-634, avalabile at: https://www.independent.org/wp-content/uploads/tir/2021/05/tir_25_4_09_holcombe.pdf: (Accessed: 15 April 2025).

Janoski, T., Alford, R.R., Hicks, A.M. and Schwartz, M.A. eds., (2005). *The handbook of political sociology: States, civil societies, and globalization*. Cambridge University Press.

Kemahlıoğlu, Ö. ve Keyman, F. (2011). Türkiye'de demokrasi algısı. Istanbul: Istanbul Policy Center. Avalabile at: https://ipc.sabanciuniv.edu/Content/Images/CKeditorImages/20200330-00033102.pdf: (Accessed: 28 November 2024).

Klein, A., Kiranda, Y. and Bafaki, R., (2011). Concepts and principles of democratic governance and accountability. *Kampala: Konrad-Adenauer-Stiftung [in English]*. Avalabile at: https://www.kas.de/c/document_library/get_file?uuid=56a283ae-50ff-0c9b-7179-954d05e0aa19&groupId=252038 : (Accessed: 8 May 2025).

Liebowitz, J., Sentamu, R. and Kibirige, F., (2013). *Citizen Perceptions of Democracy in Uganda: The Growing Gap between Expectations and Realities*. Afrobarometer. Avalabile at: https://www.files.ethz.ch/isn/159290/afrobriefno111.pdf : (Accessed: 15 March 2025).

Mazo, Eugene D., What Causes Democracy? (February 18, 2005). Center on Democracy, Development, and the Rule of Law Working Papers, No. 38 (2005), Avalabile at: doi.org/10.2139/ssrn.2779819: (Accessed: 7 Febrewary 2025).

Merkel, Wolfgang (2014). Is capitalism compatible with democracy?, Zeitschrift für Vergleichende Politikwissenschaft, ISSN 1865-2654, Springer Nature, Berlin, Vol. 8, Iss. 2, pp. 109-128, avalabile at: https://doi.org/10.1007/s12286-014-0199-4 : (Accessed: 4 October 2024).

Mill, J.S. (2006). Public and parliamentary speeches. Edited by Roberson, J.M. and Kinzer, B.L., Toronto: University of Toronto Press.

Min, B., (2024). An Analysis of the Relationship between Democracy and Capitalism Based on the Global Capitalist System: A Rebuttal to Almond's Thesis. *Journal of Humanities and Social Sciences Studies*, *6*(10), pp. 28-30, DOI: 10.32996/jhsss.2024.6.10.3

Moodie, E. (2005). Different meanings of democracy in post-communist Europe (Doctoral dissertation). University of Stirling, Retrieved from: https://dspace.stir.ac.uk/bitstream/1893/178/1/moodiethesis1.pdf: (Accessed: 12 December 2024).

Ninet, A.A., (2012). Constitutional violence: Legitimacy, democracy and human rights. Edinburgh University Press.

Ottemoeller, D., 1998. Popular perceptions of democracy: Elections and attitudes in Uganda. *Comparative Political Studies*, *31*(1), pp. 98-124, avalabile at: https://www.afrobarometer.org/wp-content/uploads/2022/02/uga_r4_di.pdf: (Accessed: 16 November 2024).

Palaver, W., 2022. *Religion and Democracy*, Guggenberger, W., and Hrudayaraj, B., K., K. (eds). *Democracy, Religion, and Pluralism: Theological Responses*, innsbruck university press, pp.27-43.

Pietsch, J. and Clark, M., (2015). Critical citizens: Attitudes towards democracy in Indonesia and Malaysia. *Japanese Journal of Political Science*, *16*(2), pp.195-209, DOI: doi.org/10.1017/S1468109915000031

Rawls, J., (1999). A Theory of Justice: Revised Edition. Cambridge, MA: Harvard University Press.

Ruslin, R., Mashuri, S., Rasak, M.S.A., Alhabsyi, F. and Syam, H., 2022. Semi-structured Interview: A methodological reflection on the development of a qualitative research instrument in educational studies. IOSR Journal of Research & Method in Education (IOSR-JRME), 12(1), pp.22-29. avalabile at: https://www.iosrjournals.org/iosr-jrme/papers/Vol-12%20Issue-1/Ser-5/E1201052229.pdf: (Accessed: 14 Augest 2025).

Şahin, O., (2016). Perceptions of democracy in the world: do different understandings held by the people shape political systems? (Doctoral dissertation). University of Sabanci, Retrieved from: https://research.sabanciuniv.edu/id/eprint/34556/1/OsmanSahin_10111903.pdf: (Accessed: 6 Augest 2024).

Schedler, A. and Sarsfield, R., (2007). Democrats with adjectives: Linking direct and indirect measures of democratic support. *European journal of political research*, *46*(5), pp. 637-659, **doi.org/10.1111/j.1475-6765.2007.00708.x**

Schmitter, P.C. and Karl, T.L., (1991). What democracy is and is not. *Journal of democracy*, *2*(3), pp. 75-88. doi 10.1353/jod.1991.0033

Saunders, M., Lewis, P. & Thornhill, A. (2016). Research methods for business students, 7th ed. Harlow, Essex: Pearson Education Limited.

Tessler, M., Jamal, A. and Robbins, M., (2012). New findings on Arabs and democracy. *Journal of Democracy*, *23*(4), pp. 89-103, doi 10.1353/jod.2012.0066

Tilly, C. and Stinchcombe, A.L., (1997). *Roads from past to future*. Rowman & Littlefield.

Inglehart, R., C. Haerpfer, A. Moreno, C. Welzel, K. Kizilova, J. Diez-Medrano, M. Lagos, P. Norris, E. Ponarin & B. Puranen et al. (eds.). (2014). World Values Survey: Round Six avalabil at: : www.worldvaluessurvey.org/WVSDocumentationWV6.jsp.: (Accessed: 29 December 2023).

* MAXQDA پرۆگرامێکی کۆمپیوتەرییە بۆ نەخشەسازی و شیکردنەوەی زانیاریی چۆنایەتی لەوێنەی فایلی تێکستی نوسراوی وەک چاوپێکەوتن و فایلی مەڵتی میدیای لە وێنەی فایلی دەنگ و ڕەنگ و وێنەو..تاد. لە دامەزراوە و ناوەندە ئەکادیمی و زانستی و بازرگانیەکاندا بەشیوەیەکی بەرفراوان بەکاردەهێندرێت بەجۆرێک، کە دوای پێدانی فایل و زانیارییەکان، توێژەر بە هاوکاری ئەو تایبەتمەندییانەی لە پرۆگرامەکەدا دەستەبەر کراون، دەتوانێت بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوەکەی و ئەو زانیارییانەی دەستی کەوتون، دەست بە کۆکردن و پۆلێنکردنی زانیارییەکان بکات، کە ئەمە زۆر یارمەتیدەری دەبێت لە گەیشتن بە چەند ئەنجامێکی زانستی. یەکەم وەشانی ئەم پرۆگرامە ساڵی ١٩٨٩ خرایە بەر دەستی بەکارهێنەران... ئەم پرۆگرامە پێشینەی لە نەخشەسای لەبواری زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیەو، هەر خود برگەی

یەکەمی ناوەکەی (MAX) لە ناوی کۆمەڵناسی ناوداری ئەڵمانی ماکس ڤێبەر (Max Weber)ەوە وەرگیراوە، کە لە راڤەکردنی زانیارییەکاندا، هەردو میتۆدی چۆنایەتی و چەندایەتی بەیەکەوە کۆکردۆتەوە بەمەبەستی باشتر تێگەیشتن و شیکردنەوەی زانیارییەکان ... بۆ زانیاری زیاتر، سەردانی ئەم لینکانەی خوارەوە بکە. https://digitalcommons.unl.edu/cgi/viewcontent.cgi?article=5740&context=libphilprac
https://weblibrary.mila.edu.my/upload/ebook/management%20_and_business/2019_Book_AnalyzingQualitativeDataWithMA.pdf

**(Isaiah Berlin) فەیلەسوف و تیۆرستێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەریتانی بەرەگەز روسییە؛ ساڵی ١٩٠٩ لە ڕوسیا لە دایکبوە و ساڵی ١٩٩٨ لە ئۆکسفۆردی بەریتانیا کۆچی دوایی کردوە. ڕۆڵێکی باڵای هەبوە لە پێشخستنی تیۆری سیاسیدا. یەکێک لە دیارترین کارەکانیش، کاکردن بوە لەسەر ئازادی بە واتا پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکە. ئازادی بەمانا پۆزەتیڤەکەی توانای ئەنجامدانی هەر شتێک، کە مرۆڤ بیخوازێت و کۆنترۆڵکردنی ژیانی بەو جۆرەی، کە دەیەوێت. ئازادی بەمانای نێگەتیڤ ڕزگاربونە لە چنگی ئەوانیتر.

*** هێنری بنجامین کۆنستانت، چالاکوانێکی سیاسی و ڕۆماننوسێکی بە ڕەگەز سویسری فەرەنسییە و ساڵی 1767 لە لۆزان لە دایکبوە، لە 1830 کۆچی دوایی کردوە. بایەخی بە نوسین لەبواری سیاسەت و ئایین و ئەدەب داوە. کەسێکی لیبراڵیستی کلاسیک بوە و لە کاتی خۆیدا کاریگەری بەسەر بزوتنەوەی ترینیۆی ئیسپانی و بزاڤی لیبراڵی پرتوگالی و شەڕی سەربەخۆییخوازی یۆنانی و ڕاپەڕینی نۆڤەمبەری پۆڵەندا و شۆڕشی بەلجیکا و لیبراڵیزم لە بەرازیل و مەکسیک هەبوە. سەر بە خێزانێکی خانەدان و خاوەن نفوزێکی سیاسی بوە لە سەردەمی خۆیدا.